**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەددین**
**کۆلێژی ئاداب (بەشی مێژوو)**
**قۆناغی یەکەم – کۆرسی دووەم**

# کـــــورد نــاســـــی گــشــتی

**مامۆستای بابەت: کاروان جوهر محمد**

**٢٠٢٣ – ٢٠٢٤**

**مـفرداتی بــابـەت:**

- **ئامانجی بابەت**
- **بایەخ و گرنگی کوردناسی**
- **چەمک و مانای کوردناسی**

**دەروازەیەک بۆ کوردناسی:**

١ – شوێن (پێگەی جوگرافی )

٢ – شوێنی ئەسترۆنۆمی

٣ – سنوور و ڕووبەر و شێوە

- **تایبەتمەندی سروشتی کوردستان**

١ – بەرزی و نزمی ( تۆبۆگرافیا )

٢– ئاو و هەوا

٣ – دەرامەتی ئاوی

**ژیانی ئابووری لە کوردستاندا:**

- **٢–** کشتوکاڵ
- ١– سامانی ئاژەڵ
- ٣– پیشەسازی و کانزاکان
- ٤– گەشتوگوزار

**بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ کوردستان:**

١– زاراوەی کوردستان

کوردناسی گشتی:

سنوری جوگرافیای کوردستان:

**بەشی دووەم– تایبەتمەندی سروشتی کوردستان:**

کەش و هەوای کوردستان:

گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان بریتین لە :

یەکەم:ڕووبارەکان:

دووەم: زێیەکان:

سێیەم:دەریاچەکان:

**بەشی سێیەم: تایبەت مەندی مرۆیی کوردستان:**

١ - دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

٢- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

٣- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

**مـێــژوو:**

یەکەم: تەوەرەی مێژووی کورد لەبابەتی کورد (کوردناسی)

أ- ناوی کوردو کوردستان

١- وشەی کورد (ڕیشەیی و مانای)

٢- زاراوەی کوردستان لەسەرچاوەکاندا

ب- مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد

١- نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسان

٢- نەژادی کورد لە دیدی مێژوونوسانی کورد و غەیرە کورد

ج- دانیشتوانی کۆنی کوردستان

١- هۆزەکانی کۆنی کورد

٢- مێژووی شارستانیەتی کۆنی کورد

**سەرتاکانی پەیوەندی کورد بەئاینی ئیسلام:**

میرنشیەنە کوردیەکانی سەردەمی ئیسلامی

**بارودۆخی سیاسی و بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینەکان لە سەردەمی نوێدا:**

بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا:

هەندێ لایەنی شارستانی میرنشینە کوردییەکان:

بزاڤ و ڕاپەڕینە کوردییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا:

دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی:

**زاراوەی جینۆساید:**

**جۆرەکانی جینۆساید:**

**زمـــــان:**

چەند پێناسەیەکی زمان:

گرنگی زمان:

گرنگی زمانی ستاندارد :

تایبەتمەندییەکانی زمان:
سنوور و نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی):

**ئامانجی بابەت:**

- ١- ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانەیە کە لە بارەی گەلی کوردەوە روون نەکراونەتەوە.
- ٢- بابەتەکە وەکو بابەتێکی رۆشنبیری گشتی دەبێ.
- ٣ - ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی،کە ناحەزانی نەتەوەی کورد دژی کوردییان نوسیوە و نابابەتییانە لە بەرژەوەندی خۆیان ڕاستییەکانیان شێواندووە.
- ٤- ناساندنی سەربەخۆی زمانی کوردی و داب و نەریت و شێوازی بیرکردنەوە و شارستانیەتی کورد.
- ٥- ئاشناکردنی قوتابی و خوێندکاران بە سامانی دەوڵەمەندی کەلتوور و کەلەپوور و جوگرافیاو لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەی کورد و نەژاد و مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی کوردی .
- ٦ - تێگەیاندنی قوتابی و خوێندکاران لەو حەقیقەتەی کە کورد نەتەوەیەکی خاک دابەشکراوی بێ قەوارەیە و بە درێژایی مێژوو توشی قڕکردن و ڕاگواستن و گۆڕینی دیمۆگرافیای خاک و ناسنامەی نەتەوەیی بۆتەوە .

- **بایەخ و گرنگی کوردناسی:**

- بەو پێیەی کوردناسی زانستێکە لە لەبابەتەکانی جوگرافیا و مێژوو و زمان و ئەدەب لایەنە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردی دەکۆڵێتەوە، کەواتە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیەو کەرەستەو سەرچاوەی زانیاری گرنگ دەخاتە بەردەستمان.
- دەروازەیەکە بۆ دووبارە ئاشنابوون بە زمان و مێژوو و کەلتووری گەلەکەمان کە سەدان ساڵ لێی بێ ئاگا بووین.
- بوو بە هۆکارێک بۆ پاراستنی دەستنووس و وێنەی رەسەنی نووسراوی دەقە ئەدەبی و مێژووییەکان کە لە مۆزەخانەکانی وڵاتە بێگانەکان هەڵگیراون و نەیان هێشتووە لەناو بچن.

- ناوەندەکانی کوردناسی لە دەرەوە دەرگای خوێندن و بە دەستهێنانی پلەی باڵای زانستیان بە رووی فێرخوازانی کورد و تەنانەت ئەوروپییەکانیشدا کردەوە کە توێژینەوەکانی خۆیان لە بارەی کوردەوە پێشکەش بکەن.

## - چەمك و مانای کوردناسی:

- کوردۆلۆجی یاخود کوردناسی چەمکێکی زانستی نوێیە لە زمانی کوردیدا، لقێکە لە زانستی رۆژهەڵاتناسی کە لە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکۆڵێتەوە، واتا کوردناسی لە هەناوی رۆژهەڵاتناسییەوە هەڵقوڵاوە، ئەویش وەکو زانستی رۆژهەڵاتناسی دیدی رۆژئاواییەکان بەرامبەر بە کورد دەخاتەروو. جێی باسە کوردناسەکان بەر لە کورد لە کوردییان کۆڵیوەتەوەو چەندین توێژینەوەو راپۆرت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد نوسیوە، کە بەشێکی گرنگ لە کەلتورو کەلەپووری کورد پێکدەهێنن.

- کوردناسی لە لایەکەوە روانگەیەکی نوێ بۆ رۆشنبیران و توێژەرانی کورد دروست دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە دیدو تێروانینی بێگانەکان بەرامبەر بە کۆمەڵگای کوردی دەخاتە بەردەممان لەسەر واقعی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی.

- دیدو تێروانینی کوردناسەکان جێی هەڵسەنگاندن و رەخنە لێگرتنیشە، چونکە زۆر جار کوردناسەکان وینایەکی راست و دروستی کۆمەڵگای کوردی ناکەن، ئەمەش شتێکی چاوەڕێکراوە، چونکە هەموو ئەوانەی هاتوونەتە کوردستان ئامانج و ئەجێندای جیاوازیان هەبووە لە نوسین و تۆمارکردنی یاداشت و زانیاری و راپۆرتەکانیان کە وەکو گەریدە، گەشتیار، بازرگان و دیپلۆماتکار یاخود موژدەدەرو پیاوی حکومەت و جاسوس بوونە.

- **کوردناسی**: لەسەرەتادا لە ئەوروپا بە فراوانی لە رووسیای قەیسەری گەشەی سەند و چەندین ئەکادیمیا و پەیمانگای زانستی دامەزران بۆ ئەم مەبەستە و هەروەها وڵاتانی دیکەش وەکو ئیتالیا و فەرەنسا و ئینگلتەرا توێژینەوەیان لەسەر نەتەوەی کورد کردووە، ئەم ڕۆژهەلاتناسانە بە یارمەتی کورد یاخود بە زۆر هاتونەتە کوردستان، دەکرێت بلێن کوردناسی ئەو زانستەیە کە خۆی خەریک دەکات بە ناساندنی میللەتانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە روی ڕەگەز و مێژوو وزمان وئەدەب و فۆلکلۆر و زارەکان و جوگرافیا .......هتد.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ كوردستان:

### سنوری جوگرافیای كوردستان:

### بۆچی سنوری جوگرافیای كورستان دیار نیە؟

١- كورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە تابتوانێت سنوری فەرمی دەوڵەتەكەی دیاری بكات.

٢- داگیركەرانیش ڕێگەیان نەداوە توێژینەوەی زانستی لەسەر سنوری كوردستان و دانیشتوانەكەی بكرێت و بڵاوبكرێتەوە.

٣- دوژمنانی كورد كوردیان بەسەرخویان دابەشكردووە بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ڕاگواستن ودەربەدەركردنی كوردەكاندا بوون لە هەموو پارچەكان.

٤- شێواندنی سنوری ڕاستە قینەی كوردستان و بچوك كردنەوەی.

٥- وڵاتانی ناوچەكە لەسەر بنەمای شۆڤینیەوە هەوڵی شێواندنی مێژوویی كوردو كوردستانیان داوە.

- **شوێنی ئەسترۆنۆمی:**

- كوردستان  ناوچەیەكی شاخاوییە و سنورێكی سروشتی هەیە و دەكەوێتە سەر بازنەی پانی ٣٤-و ٣٩  هێلی درێژی ٣٧-و ٤٦ .

### سنوور و ڕووبەر و شێوە:

- كوردستان دەكەوێتە باشووری ڕۆژئاوای كیشوەری ئاسیا . دەكرێ بگووترێ سنووری كوردستان لە چیاكانی ئەراراتەوە لە باكوورەوە دەكشێت تا زنجیرە چیای زاگرۆس لە باشوورو لەچیاكانی زاگرۆسیشەوە بەرەو ئەسكەندەروونە تا سەر لێواری دەریای سپی ناوەڕاست.

- كوردستان لەباكوورەوە لەگەڵ توركیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لەباشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ سوریا هاوسنوورە، بەڵام ئەمرۆ  كوردستان خاوەن سنورێكی سیاسی دیاریكراو و دان پیانراو نییە، بەڵكو بەشێكە لەخاكی دەوڵەتانی توركیا، ئێران، عێراق، سوریا.ئەم ناوە كەم لە نەخشەو كتێبی ئەتلەسدا بەكار هاتووە، بەڵام لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان بەفەرمی دانی پێنەنراوە.عێراق تاكە دەوڵەتە كەوا كوردیان تێدا دەژی بە ڕەسمی و فەرمی دانی ناوە بە هەرێمی كوردستان.

**ژمارەو ئامار:**

• رووبەری گشتی کوردستان نزیکەی ٥٣٦،٠٠٠ کم$^2$ . ٢١٥،٨٩٢ کم$^2$ لەتورکیایە و نزیکەی ١٩٥،٠٠٠کم$^2$ لەئێرانە و ٨٧،١١٧ کم$^2$ لەعێراقە و ١٥،٢٦٤ کم$^2$ لە سوریایە. درێژی خاکی کوردستان لەباکوورەوە تاکو باشوور نزیکەی ١٣٠٠ کم وپانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نزیکەی ٥٥٠ کم، ئەم پانییەش لەهەموو لایەک وەک یەک نیە ، لەلای باکوورەوە پانییەکەی دەگاتە ٥٧٨ کم لەناوەڕاستدا بۆ ٢٣٢ کم تەسک دەبێتەوە، تاکو بەرەو باشووریش بڕۆین تەسکتر دەبێتەوە لەکۆتاییەکەیدا لە ١١٢ کم زیاتر نابێ. ژمارەی دانیشتوانی لەنێوان (٢٥- تا ٤٥) ملیۆن کەس دەبێت.

**بەشی دووەم- تایبەتمەندی سروشتی کوردستان:**

• تۆپۆگرافیای کوردستان: تۆپۆگۆافیای کوردستان ،لەڕووی بەرزیی و نزمییەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ناوچەی باکوورو ڕۆژهەڵات بە چیای بەرز داپۆشراون کە بەرزایی هەندێکیان لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێ. لە نێوان ئەو چیایانەدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. ناوچەی باشوورو ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمەو بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون، لەڕووی ئەم دوو دیاردە خۆرسکییەدا چەندین تەپۆلکە هەن.

**بەگشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لەسێ بەش پێك دێت:**

• ١-چیاکان: زیاترلە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لەچیا پێکهاتووە، بەزۆری لەشێوەی زنجیرە چیا دەبینرێن. لەگرنگترین چیاکان: زاگرۆس، ئەرارات، شاهو، کەبیرکوە، داڵاهۆ،حەمرین،...هتد

• ٢- گردەکان (تەپۆلکە): گردەکانی کوردستان بەزۆری لە زنجیرەیەکی خوارو خێچی چەماوە پێک هاتووە. وەک: بایەزید، بەرزنجە، پاسینلەر، کواندەر ،چوارتا.

• ٣-دەشتەکان: دەشتەکانی کوردستان بەزۆری لەپێچاو پێچی چەماوە پێکهاتوون گرنگترینیان : ئەمیر اباد، هەولێر، ئورفە ،جەزیرە ، مەریوان ، شوی ، کەندێناوە ، شەنگار ، قەراج ... هتد.

**کەش و هەوای کوردستان:**

• ئاو و هەوای کوردستان لە نێوان بیابانی گەرم و ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست دایە .جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا ، بەتایبەتی لە پلەی گەرماو بارستایی باران وجۆرە بارینەکانی دیکەدا ،ئەمەش بەهۆی کاریگەری چەند هۆکارێکە وەکو : ڕووپێوی جوگرافی ، دوورونزیکی لەدەریاوە ،وشکایی، بەرزو نزمی. بۆ نموونە پلەی گەرما لەباکووردا لەچاو پلەی گەرما لەباشووردا

سێ کەڕەت نزمترە . هەروەها تاکو لەباکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین بارستایی باران بەرەو کەمی دەڕوات و جۆرو شێوەی بارینەکانیش دەگۆڕێ ، ئەگەر هاتوو لەباکووردا بەفرێکی ئاسایی بباریێ ، ئەوا لەباشووردا بەدەگمەن نەبێ بەفر ناباریێ ، بەتایبەتی لەباشووری ڕۆژئاوادا.

• تێکرای پلەی گەرمای ساڵ لە کوردستاندا مامناوەندییە، واتە ئاوو هەوا لەڕووی گەرمییەوە فێنکە . ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی ناوچەی فێنکی باکوور دەگەڕێتەوە . ئەو ژمارەیە لەهەندێ ساڵدا ٣-٤ پلە زیاد دەکات ، لەساڵی واشدا هەیە ١-٢ پلە کەم دەکات. بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکووری کوردستان لە نێوان (٣٠ تا ٣٥) لە ژێر سفر دایە و، لەناوچەکانی باشووری کوردستانیش لەهاویندا پلەی گەرما بەڕێژەیەکی گەورە بەرز دەبێتەوە لەنێوان (٣٥ تا ٤٥) بەتایبەتی لەشاری خانەقین ، لەشاری هەولێر و کەرکووکیش دەگاتە (٤٥ تا ٥٠) تێکرای باران بارینی کوردستان لەساڵێکدا لەنێوان (٢٠٠ تا ٤٠٠) ملم لەناوچە دەشتاییەکانی باشوورو ڕۆژئاوا ،بەڵام لەناوچە شاخاوییەکاندا لە نێوان (٧٠٠ تا ١٠٠٠) ملم جارجاریش دەگاتە (٣٠٠٠) ملم.

**دەرامەتی ئاوی:**

• کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان بە ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی. سامانی ئاوی ساڵانە بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دەخەملێندرێ .ئەگەرچی نەکەوتبێتە سەر یەک لە دەریا یا ئۆقیانووسە گەورەکان ، بەڵام لەناوەخۆدا سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە ، ئەو ئاوەی لە چەندین ڕووبارو دەریاچە خۆی دەنوێنێت . تەنانەت بەسەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژمێردرێت ، چونکە ڕووبارو زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو کەنداوی عەرەبی و ئەسکەندەروونە و زەریای خەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ و...

**گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان بریتین لە :**

**یەکەم:ڕووبارەکان:**

١- ڕووباری ئاراس : درێژاییەکەی ٩٢٠ کم ، لەناوچەی ( بینگۆل ) لەتورکیا سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین. لە گرنگترین لقەکانی لە نێو خاکی کوردستاندا : چەمی ئارپا و چەمی دیگۆر و هیدیکە.

٢- ڕووباری دیجلە : لە دەریاچەی (گوولجوک ) سەرچاوە دەگرێت. هەندێ لەلقەکانی بریتین لە : چەمی بەرکیلین ، ڕووباری خابوور ، زابی گەورە ، زابی بچووک ، ئاوی سیروان ، ڕووباری عوزێم .

٣- ڕووباری فورات : له دوو سەرچاوە پێکدێت ، یەکێکیان (فرات صو) لە دملو تەپە هەڵدەقوڵێت لە باکووری ئەرزورم ، سەرچاوەکەی تریش (مراد صو) لە (ئولو داغ) کە دەکەوێتە نێوان شاخی ئەڕارات و دەریاچەی وان ، ئەم دوو لقەش لەباکووری ( ئالازیغ) دەگەنە یەک ڕووباری فورات.

٤- ڕووباری قزل ئۆزۆن: ئەم ڕووبارە لە ڕۆژئاوای شاری (دیواندەرە) ی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) سەرچاوە دەگرێت ، لەباشووری شاری (ڕەشت) کە پێی دەڵێن (سفیدڕوود) دەرژێتە دەریای قەزوین .

## دووەم: زێیەکان:

زێی لە ڕووبار بچووکترە ، کوردستان لەچەند زێیەکی گرنگ پێک لەوانە:

١- زێی گەورە : لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیەو لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو کوردستانی باشوور درێژ دەبێتەوە ، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات ، تاکو لە باشووری شاری موسڵ ، دەرژێتە نێو ڕووباری دیجلە.

٢- زێی بچووک: لە ئاوەکانی دەشتی لاهیجانی ڕۆژئاوای شاری مهاباد پێکدێت ، درێژاییەکەی لەهەندێ سەرچاوەدا ٤٠٠ کم ، واتە بەدرێژترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێت . لە سنووری قەڵادزێوە دەپەڕێتەوە کوردستانی عێراق و دەڕژێتە ئاوبەندی دۆکان ، لەوێشەوە بەرەو پردێ دێت ، لەئەنجامدا لەگەڵ زێی گەورەدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلە.

٣- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان لە کوردستانی باکوور.

٤- زێی سیروان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوە لە دەربەندین خان بەندوای دەربەندی خانی لەسەردروستکراوە دواتر دەڕژێتە نێو رووباری دیجلەوە.

## سێیەم:دەریاچەکان:

لە کوردستاندا چەند دەریاچەی گرنگ هەیە لەوانە:

١- دەریاچەی وان: گەورەترین دەریاچەیە لە کوردستانی باکوردا ، دەکەوێتە باکووری کوردستان ، ڕووبەرەکەی ٣٧١٣ کم $^2$، بەرزاییەکەی ١٦٤٦ م لەسەر ڕووی دەریاوە . ئاوەکەی سوێرە.

٢- دەریاچەی ورمێ: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ڕووبەرەکەی ٦٠٠٠ کم $^2$.

٣- دەریاچەی گوولجوک (خەزەر) : دەکەوێتە باکووری شاری دیاربەکر ، بەرزاییەکەی ١١٥٥ م لەئاستی دەریاوە.

٤- دەریاچەی زرێبار (زریوار) : دەکەوێتە ناوچەی سنە نزیک شارۆچکەی مەریوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ، ڕووبەرەکەی ٧٧ کم$^2$.

## بەشی سێیەم: تایبەت مەندی مرۆیی کوردستان:

١ - دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

٢- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

٣- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

١ -دابەشبوونی دانیشتوان بەپێ پێکهاتە دانیشتووانی کوردستان هەر لەکۆنەوە لەچەند نەتەوەیەکی جیاواز بە ڕەچەلەک و زمان و داب و نەریت و مێژوو و ... پێکهاتووە.

کورد گەورەترین نەتەوەیە لە کوردستان ، بەگوێرەی خەمڵاندن لەساڵی ٢٠١٠ دا ڕەگەزی کورد ٧٥٪ ی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان پێکدەهێنن ،نەتەوەکانی تریشی بریتین لە (تورک ، عەرەب ، عەجەم (ئازەری) ،تورکمان ، ئاشووری ، ئەرمەن ، کلدان ، فارس ،...

### دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە:

١- تورکیا: ژمارەی کورد لەتورکیا نزیکەی (٢٠) ملیۆنە و(٢١) ویلایەت پێکدینن لە (٩٠) ویلایەت، ناوچەکوردییەکان دەکەونە ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، وەک :(ئەرزورم ، قارس، مەلاتیە ، دەرسیم (تونجەلی) ، باتمان ، ئالازیغ، بینگۆل ، موش ، ئەدییمان ، دیاربەکر، سیرت ، بەتلیس ، وان ، ئورفە، ماردین ، هەکاری ، شرناخ ، گازی عەنتاب ، مەرعەش،.... هتد).

٢- ئێران: ژمارەی کورد لەئێران زیاتر لە (١٠) ملیۆنە ، کەلە ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژئاواو باشووری دەریاچەی ورمێ بڵاوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە (ماکۆ ، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ، مهاباد ، سنە ، قەسری شیرین ، کرماشان ، بۆکان ، سەقز، سەردەشت ، بانە،مەریوان ،....هتد ) .

٣- عێراق : ژمارەی کورد لەعێراق زیاتر لە (٦) ملیۆنە ، لەباکورو باکووری ڕۆژهەڵات بڵاوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە (هەولێر ، سلێمانی ، کەرکووک ، دهۆک، و قەزاکانی تر وەک سنجار و زمار

شێخان ئاکرێ وحەمدانیە و لای چەپی موصل خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالا ،کوت و بەغداو هەندێ ناوچەی  تر.

٤-سوریا: ژمارەی کورد لەسوریا لە (٢) ملیۆن زیاترە، ناوچە کوردییەکان دەکەوێتە باکورو باکوری ڕۆژهەڵات ، ئەم شارو ناوچانە دەگرێتەوە (دێرەلۆک و پارێزگای حەسەکە بەتایبەتیش لەقەزاکانی ناوچەکانی قامیشلی و مالیکی و ئامودە ودەرباسی و سەرکانی (رأس العين)  دەگرێتەوە ، لەپارێزگای حەلەبیش لەسەر ناوچەکانی  کوبانی  و عەفرین و شارەکانی ئەدلەب و لازقیە ، لەهەندێ شاری تریش وەک دیمەشق ، حماە ،جولان ....هتد.

٥- هەندێ وڵاتی تر: وەک لوبنان، ئیسرائیل، پاکستان، ئەفغانستان، وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە (ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان، تورکمانستان) ، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوردی نیشتەجێ لە ئەوروپا.

بەگشتی دەکرێ بگوترێ سەرجەم ژمارەی کورد لە جیهاندا بەمەزەندە (٥٥) ملیۆن کەس دەبن.

## بەشی چوارەم: ژیانی ئابووری لە کوردستان:

١- کشتوکاڵ:

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی  ، کە چەندین  بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆری لێدەچیندرێ و دێتە بەرهەم ،تایبەتمەندی و گرنگی زۆری هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە ، ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینێت لە دابینکردنی خۆراک بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ. گرنگترین بەرووبوومە کشتوکاڵیەکانیش بریتین لە : گەنم ، جۆ ، برنج ، نیسک ، نۆک ، دنکە لۆکە، پەتاتە، چەوەندەری شەکر ، کونجی ،گوڵەبەڕۆژە ،پیاز ، سیر ،هەرمێ ، سێو ،زەیتون ،گوێز ،...هتد.

سامانی ڕووەکی: کوردستان دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سروشتی ، چ لە ڕووی بوونی چەندین داری جۆراوجۆر، وەک : هەنجیر ، بەڵاڵۆک ، بادەم ، بادەمی کێوی ، دار توو ، بەروو، دار هەنار ، دارسماق ، سنەوبەر،گوێز ... هتد  یاخود لە ڕووی گیاو گوڵی خۆڕسکییەوە کە بۆ ڕەنگ و کاری پزیشکی وچەسپ و بۆن و خۆراک بەکار دەهێندرێن

سامانی کانزایی: کوردستان  وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەسامانی کانزایی ، بەتایبەتی سامانی نەوت . هەر ئەم سامانەشە وای لە کوردستان کردووە ببێتە گۆڕەپانی شەری هەرێمایەتی و داگیر کردن و بردنی خێر و

بێرى .بيره نەوتييەكان لەهەموو شوێنەكانی كوردستان بڵاوبوونەتەوه ، له گرنگترين  گێڵگه نەوتييەكانی كوردستان :

١-سييرت  - دياربەكر و باتمان له كوردستانی توركيا

٢-  شاه ئاباد و قەسری شيرين له كوردستانی ئێران.

٣- (عين زاله ) له موصل و (بابەگوڕگوڕ – بای حەسەن – زەنبوور ) لەكەركووک و (نەفتخانه) له خانەقين  و گيلەگەی نەوتی شيواشۆک  له  كوردستانی  عێراق .

٤- ( روميلان ) له كوردستانی سوريا. تاكه سەرچاوەی سوريايه بۆ نەوت.

هەروەها كانزای تر هەن له كوردستان وەكو ( ئاسن، مەنگەنيز، مس، فۆسفات، يۆرانيۆم، گۆگرد، كرۆم، بەردی بەنرخ.... هت

## مـــێــــژوو:

### يەكەم: تەوەرەی مێژووی كورد لەبابەتی كورد (كوردناسی)

أ- ناوی كوردو كوردستان

١- وشەی كورد (ڕيشەيی و مانای)

٢- زاراوەی كوردستان لەسەرچاوەكاندا

ب- مێژووی ڕيشەی نەژادی كورد

١- نەژادی كورد له ديدی ڕۆژهەڵاتناسان

٢- نەژادی كورد له ديدی مێژوونوسانی كورد و غەيره كورد

ج- دانيشتوانی كۆنی كوردستان

١- هۆزەكانی كۆنی كورد

٢- مێژووی شارستانيەتی كۆنی كورد

**وشەی کورد (ڕیشەیی و مانای):** لە مێژووی کۆندا بە هیچ شێوەیەک وشەی کوردو کوردستان بەکارنەهاتووە, بەڵکو تەنیا ناوی ئەو هەرێمانە هاتووە کە لە ڕووی کارگێرییەوە, وڵاتی کوردانی بەسەر دابەشکرابوو, بەتایبەتی هەرێمەکانی (وڵاتی چیا, جەزیرەی فوراتی, ئازربایجان, ئاران, ئەرمینیا, عێراق وخۆزستان).

**زاراوەی کوردستان لەسەرچاوەکاندا:** زاراوەی کوردستان، لە دوو وشە پێک هاتووە (کورد) و (ستان)، (ستان) پاشگری شوێنە. واتە ناوچەی کوردان. تا ئەو ماوەیەی پێشوو لەلای مێژوونووساندا وا باوبوو, کە یەکەم کەس زاراوەی (کوردستان)ی بریبێتە سەر وڵاتی کوردان, مێژوونووس و شارناسی فارسی(**حەمدوڵڵا مستەوفی قەزوینی**)بووە, ئەوەش لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناونیشانی (**نزهە القلوب**), بەڵام دواتر لێکۆلەران زانیاری نوێیان دیتەوە, بە پێی ئەو زانیاریە نوێیانە دەرکەوت, کە: (قەزوینی) یەکەم کەس نییە زاراوەی (کوردستان) ی بەکارهێنابێت, بەڵکو ئەو زاراوەیەی (کوردستان) لە نووسراوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەی زاینی چەندین جار هاتووە, هەندێ لە نووسەر و مێژوونووس و گەڕیدەکان لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بۆ وڵاتی کوردان دەیان ساڵ بە پێش (قەزوینی) کەوتوونە بۆنمونە گەڕیدەی ئیتاڵی(**مارکۆ پۆڵۆ**) کە لە (١٣٢٣)ز مردووە, ساڵی(١٢٧٠) دەستی کردووە بە گەشتێک بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و لە نێوایشیان وڵاتی کوردان, لە گەشتنامەکەیدا زاراوەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێناوە، کۆنترین سەرچاوە کە ووشەی کوردستانی بەکار هێنابی بریتیە لەشاعیری فارسی (محمد عوفی) ساڵی (٦٢٥ک/١٢٤٢ز)مردووە لە کتێبی (لباب الباب) کە لە شیعریکی دا ووشەی (کوردستانی) بەکار هێناوە لە پیهەڵدانی بەسەر دانیشتوانی خوراسان بەتیابەت لەدروستکردنی شوشەی مەی دا.

- مێژوونووسی مەغۆلی(**ڕەشیدەدین فەزڵوڵڵای هەمەدانی**), کە لە ساڵێ ١٣١٨ز مردووە, لە کتێبەکەی خۆیدا (**تاریخ المغول**) زیاتر لە جارێک وشەی (کوردستان)ی بەکارهێناوە.

- کوردستان وەک زاراوەیەکی جوگرافی لە سەدەی ١٢بە دەرکەوت ,لەسەردەمی (سنجر)سوڵتانی سەلجوقییەکان بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکانی جیاکردەوەوناوی نا(کوردستان).

## ڕەچـــــەڵــەکی کـــورد:

گەڵی گریمانەو بیروڕا لەبارەی ریشەو وڕەچەڵەکی کوردهەن، لەوانە:

١- زاناو مێژووزانی ڕووسی (مینورسکی) وای بۆ دەچێت کە کورد نەوەی میدییەکانە. ئەم ڕایەش پشگیری کراوە لەلایەن زانایانی وەک : نۆیدک و هارتمان وویسباک.

٢- زانای ڕووسی (مار) ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەوا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیای ئاسیای بچووکن وەک ( ئەرمەن ، جۆرجی ، خالدی ) لەشوێنی دیکە نەهاتوون. (مار) بنجی کورد دەبەستێتەوە بەنەتەوەیەک ناویان لە نووسینە کۆنەکاندا بە (کردۆخ ) هاتووە.

٣- مێژوونووسی کورد (محمد امین زکی) لەکتێبی ( خلاصە تاریخ الکرد والکردستان) کە بە دووەم سەرچاوە دادەنرێت لە ڕووی گرنگییەوە دوای ( شەرەفنامە) . ئەمین زەکی دوای گەڕان و پشکنین لە کتَبخانە و مۆزەخانەکانی ئیستەنبووڵ و ئەڵمانیا و فەرەنسا، سەرەڕای لێکۆڵینەوەکەی

(مینۆرسکی) دەربارەی کورد ،پاش چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنجی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە دانیشتووی کوردستان بوون لەسەرەتای مێژووەوە. واتە دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆس کە نەتەوەکانی (لولو ، کوتی ، کورتی،جودی ، کاسای ، سورباری ، خالدی ، میتانی ، هوری ، نایری) ی کە ڕەچەڵەکی کوردانن.

نەژادی کوردو هۆزوتیرەکان: مێژووی کورد لەچاخەبەردینەکان لەباسی ئەم ناوچانە سەرهەلدەدات کەلەبەرەبەیانی مێژووەوە مەنزلگایەکی شیاوە وهێمنی مرۆڤەکان بووە، کوردستانیش کۆنترین شوێنەواری مرۆڤی کۆنی لێوە ژیاوە بەتایبەتی لەئەشکەوتەبەردینەکان کەبۆ سەردەمی چاخی بەردینی ناوەراست دەگەرێتەوە ، بۆ نموونە ئەشکەوتی شانەدەر, هەزارمێرد هتد ئەم روونکرەوانە شوێنەوارناسەکان بەدیاری دەخەن کەبەر لەچەندەها هەزار سال لەمەوبەر کوردستان مەلبەندی نیشتەجی بوونی مرۆڤی کۆنە ئەمیش لەو کاتەوە کەدانیشتوانی زاگرۆس رووی لەزیاد بوون کرد ژمارەی دانیشتوانیش زیادیکرد دۆخی ژیانیشیان لەڕاوکردن پاشان بۆکشتوکال کردن گۆری گوندی کشتوکالی لێوەدروست بوو.

دانیشوانی کۆنی کورد: بەپی سەرچاوەمێژوویەکان کورد دەکرێت بەدووبەشەوە:

١-بریتین لەو کوردانەی کەلەچیاکانی ئارارات شاخەکانی جودی بەدرێژای دیجلەو فورات تاکو رۆژئاوای سوریاو شام کەنارەکانی دەریای ناوەراست پێیان گووتون کوردەکانی زاگرۆس.

٢- بەشی دووەمیش بریتین لەوکۆمەلانەی کەلەسەدەی نۆهەمی پ.ز خۆیان بە(ماد ناوبردووە کەئەوانیش لەئاسیای ناوەراست وبەرەو رۆژئاواهاتوون بەرەو خوارووی دەریای مازەندەران ناوچەی ئازەربایجان ئەکباتان و لورستان وئەو ولاتانەی پێیان ووتوە (ولاتی میدیا). لەئەنجامدا ، کورد نەوەی نەتەوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسن ، ئەوانەی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین

لەزنجیرە چیای زاگرۆس ژیاون ، هیندو ئەوروپینە ، ڕەچەڵەکیان (ئاری) یە ، ئێستاکە دانیشتووانی باکووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئێران وڕۆژئاوای سوریاو باکووری تورکیان.

## هۆزەکانی کۆنی کورد:

• لولو: بریتین لە کوردە ئاراراتیەکان ناوچەکانیان بریتیە لەناوچەی لۆلۆم کەدەکەوتە نێوان کرماشان وبەغداد.

• گۆتیەکان: ئەوانەش لەهۆزەکانی بەشی ئاراراتن بەپی رای چەندین رۆژهەلاتناس کەئەوانەرەگەزی بنەرەتی کوردانن لەناوچەکانی چیای زاگرۆس وکەرکوک حوکمیان کردووە.

• کاشیەکان: کۆمەلەخەلکێکی چیاکانی زاکرۆس بوون لەمێژووی کۆندا تاکە کۆمەلە بوون کەتوانیان زیاتر لە٥٧٦ سال فەرمانرەوای میزوپۆتامیا بکەن شوێنەکەشیان لەبەشی ناوەراستی چیاکانی زاگرۆسە تاکو سنوری هەمەدان.

سوباریەکان: لەدامێنی بەشی رۆژئاوای چیای زاکرۆسە دواتر لەناوچەی ئەرمەنستان سوریای ئەمرۆبلاوبونەتەوە لەهەزارە سێیەمی پ.ز بەهوریەکان ناسرابوون.

• کاردۆخیەکان: ئەو کوردانەی لەهەزارەهاساڵ لەمەوپێش لەکوردستان کاردۆخیەکان یاخود کاردا کانن کەئەمەش لەنوسینە مسماریو نوسینە ئاشوریەکانەوە ناویان هاتووە .

هەروەها زەینەفونی یۆنانی ناوی کاردۆخیەکانی هێناوە لەسالی٤٠١پ.ز ئەمەش لەوکاتەوە بەرامبەر فارسەکان دەشکێن لەبابل وەلەکاتی گەرانەوەیان بەکوردستان تێپەریوون . وەباسی دێهاتەکانی کوردستان دەکات بەجۆرێک ولاتی کاردۆخیەکان لەنێوان نەینەواو بەتلیس بوون .

مێژووی شارستانیەتی کۆنی کورد:

کورد لەکۆنترین نەتەوەکانی رۆژئاوای ئاسیایە، لەنوسراوەکانی (العهد القدیم) و (سفرالتکوین) و (الاصحاح) هەشتەمیشدا یشدا هاتووە، کەمرۆڤایەتی لە دوای لافاوی پیغەمبەر(نوح) سەلامی خوای لیبێت، لە کوردستانەوە دەستی ژیان دەست پیێکردووە گەشتیەکەی نوح لەسەرشاخی ئارارات دەکەویتە کوردستان (ئاگری) پی دەڵین. کە ئەمە قورئانی پیرۆزیش دووپاتی کردۆتەوە لەو شوێنەی کە کەشتیەکەی حەزرەتی نوح لە نگەری لیگرت (هود/ئایە٤٤)

لیکۆلینەوە ئارکۆلیژیەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردستان یەکێکە لەنیشتیمانە سەرەتاییەکانی دروستبونی کۆمەلگەی ئادەمیزاد و نوسراوی العهدی القدیم ئەماژە بەوە دەکات کە بەهەشتی (عەدن) دەکەوێتە کوردستانەوە.

## سەرتاکانی پەیوەندی کورد بەئاینی ئیسلام:

• سەرچاوەکان ئاماژە بە ناوی جابانی کوردی دەکەن وەک یەکەم کەس لە کورد موسولمان بووە, دواتر گەراوبێتەوە ناوچەکەی خۆی لە وێدا ئاینی ئیسلامی بلاو کردۆتەوە بەلام زانیاری زۆر کەم باس کراوە لەسەر ئەم کەسایەتیە  تەنها ئاماژە بەوە کراوە کە جابانی کوردی کەسێکی کوردە, ئەوەی لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن وەک لەکتیبی ( اسد الغابه) و  کتێبی (الاصابه فی تمییز الصحابه)ی ئیبن حەجەر عسقەلانی  هاتووە وە زەهەبی لە پەرتوکی( میزان الاعتدال فی نقد الرجال) و (تجرید اسما الصحابه).

جابان کورێکی بە ناوی مەیمونە ناسراوە بە ( ئەبو بسیر) مەیمون لە زمانی عەرەبی بە مانای پیرۆز دێت وە ئاماژە بەوە کراوە  ئەبو بسیر هەندێ فەرموودەی  لە پێغەمبەر د. خ . گێراوەتەوە کە لە دەمی باوکیەوە گوی لێبووە.

هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە کوردیەکان لەسەردەمی عمری کوری خەتاب:

• سوپای ئیسلام لە سالی ١٦ ک ٦٣٨ز لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب دەگاتە کوردستان لە مێژووی خیلافەتی راشیدیندا سێ جەنگی گەورە لە نێوان موسولمانان و ساسانیەکان روویان داوە کە بەگەورەترین جەنگ دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامدا ئەوانیش قادسیەو وجەلەولاو نەهاوەند لە دوای ئەو شەرانە بە تەواوەتی ناوچەی کوردستان کەوتە ژێردەسەلاتی سوپای ئیسلام, ئەو کاتیش کوردستان دابەش ببوو بەسەر چەند هەرێمێک ئەوانیش هەرێمی چیاو هەرێمی جەزیرەو هەریمی ئازربیجان  و هەرێمی ئاران.

میرنشیەنە کوردیەکانی سەردەمی ئیسلامی:

١- میرنشینی ڕەوادی .

٢- میرنشینی شەدادی.

٣- میرنشینی ئەحمەدیلی.

٤- میرنشینی عەنازی

٤- میرنشینی مەروانی.

٥- میرنشینی ئەیوبی.

٦- میرنشینی حەسنەوی.

٧- میرنشینی هەزبانی.

دەرکەوتنی ئەو قەوارەو میرنشینانە لەماوەی خیلافەتی عەباسی گەشە دەکەن بەلام دوای هاتنی سەلجووقییەکان زۆربەی میرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان بێهێزبوون و بەرەو نەمان چوون.

سەلاحەددین یوسف کوری نجم الدین کوڕی ئەیوب و دەولەتی ئەیوبی:

سەلاحەدین لە ساڵی (٥٣٢ک- ١١٣٧ز) لە قەڵای تکریت لە دایک بووە, بەڵام ماوەی ژیانی لە بەعلەبەگ بەسەر بردوە هەر لەوێش فێری سوارچاکی و راهێنان کراوە وە فێری خوێندن و نووسین و فقی ئیسلامی بووە.

پاش ئەوەی فێری سوارچاکی و شارەزایی بواری جەنگ بووە لەگەڵ شێرکۆی مامی دەچێە میسر, شێرکۆی مامیشی لە دەولەتی فاتمیەکان دەبێتە فەرمانڕەوا, لە دوای دوو مانگ لەو دەسەڵاتەی پێدرابوو کۆچی دوایی دەکات لە شوێنی ئەو سەلاحەددین دەبێتە وەزیر و نازناوی ناسر سولتان سەلاحەددینی پی دەبەخشرێت، هۆکاری ناوبانگی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی بەسەر خاچ دروشمەکان پاش هێرش بردن بۆ سەر شاری غەزەو دمیات وە دەستگرتن بەسەر شاری عەقەبەو کە کلیلی دەریای سور بوو بۆ حاجیەکانی میسر. سوڵتان سەلاحەددین دەوڵەتی ئەیوبی ڕاگەیاندو لەسەرپاشماوەی دەوڵەتی فاتمی (لەساڵی ٥٦٧ک)دامەزراند، هەرلەسەردەمی نوردین محمود لەساڵی(٥٦٩ک-٥٧٠ک) دەستی کێشا بەسەرولاتی شام و دیمەشقدا، ناوبراو هەستی بەگرنکی کوردستان کردبوو،بە جێ نەهێشت لەژێردەسەڵاتی هەندێک ئەمیری لاوازی زەنگیدا، دواتر بەرەوناوچەکوردیەکان هات، توانی مەملەکەتێکی مەزن و فروان دروست بکات کە پێک هاتبوو لە: باکوری عێراق و  شام و میسر و بەرقە.

سەلاحەددین دوای نەخۆش کەوتنی لە  شانزەی سەفەری  ٥٨٩ک- ١١٩٣ز کۆچی دوایی دەکات و لە قەڵای دیمەشق بە خاک دەسپێردرێت.

شارستانی زانایینی کورد له مێژووی ئیسلامیدا:

گەلی کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەبوونە لە بنیاتنانی شارستانییەتی ئیسلامی لەرووی ئایینی و ئەدەبی و هزری و زانستی و هونەریەوە .

دیارە ژمارەیەکی زۆر لە ناودارانی کورد وەک وەزیرو فەیەلەسوف و سۆفی و شەرعزان و حافز و ئەدیب ومێژوونوس و جوگرافیناس وموزیکژەن، ڕۆڵی خۆیان بینیوەو لەسەرچاوەکاندا یەکلاکراونەتەوە کە بەڕەچەلەک کوردن وەک: دینوەری, ئامەدی, سەهەروەردی, ئیبن سەلاحی شارەزووری , ئیبن خەلەکان. هتد....

**بارودۆخی سیاسی و بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینەکان لە سەردەمی نوێدا:**

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، چەند سیمایەکی جیاکەرەوە لەمێژووی سیاسی کوردساندا بەدی دەکرا. کە دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم: بەرپابوونی زنجیرەیەک ڕاپەڕینی کوردی دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری، لە چوارچێوەی میرنشینە کوردییەکاندا. بەتایبەتی لەو میرنشینانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

دووەم: شەڕی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری و ڕوسیا، بەهۆی ڕکابەرێتیان لەسەر کوردستاندا. لەم حاڵەتەشدا کوردستان زەبری سەرەکی پێدەکەوت.

سێیەم: خزینی زلهێزە ئەورپاییەکان و ئەمریکا بۆ ناوچەکە. ئەوانەی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، لەکاتی پێویستدا هاوکاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجارییان دەکرد. لە هەمان کاتیشدا دەیانویست سوود لە لاوازی و دوو بەرەکی نێوان هەردوو دەوڵەت ببینن و لەسەرحیسابی ئەواندا دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا پەرە پێ بدەن و موڵکەکانیشیان دابەش بکەن.

بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا:

سیاسەتی خراپی کاربەدەستانی عوسمانی و قاجاری، کە هەوڵیان دەدا میرنشین و سەرکردەکانی کورد بکەن بە گژ یەکدا تا لاوازبن و یەکنەگرن، کە کاردانەوەی بەهێزی لای میرنشینە کوردییەکان لێ کەوتەوە.

میرنشینی بابان: له سەردەمی ئەورەحمان پاشا(١٧٩٩-١٨١٣)، توانی بەر هەڵستی دەوڵەتی عوسمانی و، دواتریش ئێرانی قاجاری بکات و ، بۆ ماوەیەکیش ڕۆڵی گرنگی له سیاسەتی ئەو سەردەمەی کوردستاندا بگێڕێت.

میرنشینی سۆران: له سەردەمی میر محەمەد(١٨١٣-١٨٣٦)دا، توانی پەرە بە هێز و دەسەڵاتی بدات و ڕوو بەڕووی هەر یەک له دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری ببێتەوە .

میرنشینی بۆتان: له سەردەمی میر بەدرخاندا (١٨٢١-١٨٤٧)، دەسەڵات و هێزی گەیشتە ئەو پەڕی. بەتایبەتی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بۆوە و سنووری دەسەڵاتەکەی فراوان کرد.گرنگترین کاری میر بەدرخان بریتی بوو له گرێدانی (پەیمانی پیرۆز) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر له میر و سەرۆکەکانی کورد لەپێناو بەدیهێنانی جۆریک له یەکێتی و هەماهەنگی لەنێوان کوردااندا.

میرنشینی بادینان: لەسەردەمی زوبێر پاشای دووەم(١٨٠٨-١٨٢٤)و موحەمەد سەعید پاشا(١٨٢٤-١٨٣٣)دا، تاڕادەییەک دەسەڵاتی خۆیان چەسپاند، له ڕێگای هێورکردنەوەی بارودۆخی میرنشینەکەو زاڵ بوون بەسەر هەندێ لەو بەرهەڵستکاریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، هاتە دی.

میرنشینی ئەردەڵان: کە له میرنشینه کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی قاجاری بوو، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمانوڵلاخانی گەورە (١٧٩٩-١٨٢٥)دا، ڕۆڵی هەبوو له سەپاندنی دەسەڵاتی میرنشینەکەو بڵاوکردنەوەی ئارامی له ناوچەکەدا.

میرنشینی موکریان: له میرنشینی موکریانیشدا ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان میرنشینەکە لەگەڵ قاجارییەکان بەردەوام بوو. لەسەردەمی(عەبدوڵلا خان)ی دوا میریاندا چەند هەوڵێک درا بۆ بەجێگەیاندنی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و ئاسایش له میرنشینەکەدا.

هۆکارەکانی ڕوخانی میرنشنه کوردییەکان:

١-لاوازی یاخود نەبوونی یەک هەڵوێستی و یەکگرتوویی لەنێوان میرنشینەکاندا.

٢-پیادەکردنی سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە) کە هەر یەک له دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری له دژی میرنشینەکان پیادەیان دەکرد.

٣-سەختی ڕێگاکانی پەیوەندی و گواستنەوە، نەبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

٤-نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بەشێوەیەکی گشتی.

٥- باڵادەستی توانای جەنگی و سەربازی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری.

٦-هەڵوێستی خراپ و نەرێنییانەی زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و ڕووسیا و ئەمریکا لەبەرامبەر هێز و دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان.

٧-ڕۆڵی پەیمانەکانی(ئەرزەڕۆمی یەکەم١٨٢٣) و (ئەرزەڕۆمی دووەم١٨٤٧) کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا گرێدرا.ئەو دوو پەیماننامەیە جەختیان لەسەر دابەشکردنی کوردستان و لێدانی پێگەی عەشیرەتە کوردییەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەموو ناوچەکاندا دەکردەوە.

هەندێ لایەنی شارستانی میرنشینە کوردییەکان:

یەکەم/ لەڕووی بونیادنان و ئاواکارییەوە: میرنشینەکان لەماوەی فەرمانڕەواییاندا گرنگیان بە لایەنی ئاوەدانکرنەوە دابوو. بوونی چەندین کۆشک و تەلارو قەڵا و شورای پتەو بە شێواز و دیزاینی سەردەمییانە و بەپێی پێویستی لایەنی کارگێڕی و سەربازی بەڵگەی ڕوونن لەم بارەوە. بونیادنانی شاری سلێمانی(١٧٨٤) و شاری سنە، چەندین قەڵاو شوراو بەرزە منارە لەمیرنشینی سۆران نمونەی ڕوونی ئەو گرنگیپێدانانەن.

دووەم/ لەڕووی زانست و زانیارییەوە: لەم ڕ ِووەوە گرنگی زۆر بە بونیادنانی مزگەوت و حوجرەکان درابوو، کە لەو کاتەدا مەڵبەندی گەورەی زانست و زانیاری بوون بەگشتی. وەکو مزگەوتی(دار الاحسان) لە شاری سنە لە سەردەمی ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان(١٧٩٩-١٨٢٤) و چەندین حوجرە و قوتابخانەی ئایینی تر لە میرنشینی ئەردەڵان، هەروەها مزگەوتی(قوبەهان) لە ئامێدی و کتێبخانەی(قەڵاچوڵان) و (مزگەوتی گەورە) لە سلێمانی.ئەمە جگە لەدەرکەوتنی چەندین زانای ئایینی وەکو(صبغەالله حەیدەری، مەلا سەعیدی بەیتوشی، شێخ مارفی نۆدێی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا یەحیای مزوری...هتد)، لەگەڵ کەڵەشاعیرانی وەکو(نالی، کوردی، سالم، عەلی بەردەشانی، شێخ نورالدینی بریفکانی...هتد.

سێیەم/ لەڕووی سەربازییەوە: لەم ڕووەوە گرنگی بەڕێکخستنی ڕیزەکانی لەشکری میرنشینەکان و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و بونیادنانی قەڵا و قوللەی سەخت درابوو. وەکو دروستکردنی تۆپ لە میرنشینی سۆران لەسەردەمی میر محەمەد دا کە زۆر جار بە تۆپەکەی (وەستا ڕەجەب) دەناسرێت.

هەروەها لەناوچەی ئامێدیدا گرنگی بە دامەزراندنی کارگەی ئامادەکردنی ئاسن و قورقوشم درابوو بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لەبواری سەربازیدا.

چوارەم/ لەبواری کارگێڕیدا: لەم ڕووەوە گرنگی بە ڕێکخستنی دامەزراوەکانی میرنشینەکان دراوە، وەکو ڕێکخستنی پەیکەربەندی دەستەی کارگێڕی و پلە و پایەکانیان. کە کەسی(میر) لە سەرووی هەمووانەوە بوو. ئینجا موفتی(یاخوود قازی) تایبەت بە میرنشینەکە و نووسەری تایبەتی و ئەمینداری(بیت المال) و پۆلیس و...هتد.

پێنجەم/ لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە: لەم ڕووەوە گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاکانی بازرگانی و فەراهەمکردنی ئارامی و ئاسایش و دامەزراندنی (خان)ەکان دراوە. لەچەند میرنشینێکیشدا سکەی تایبەت لێدراوە. هەروەها دامەزراندنی گەرماوە گشتییەکان و دڵنیابوونی خەڵک لە سەر و ماڵ و سامانیان کاری لەپێشینەی هەندێ میری کورد بووە لەماوەی فەرمانڕەواییاندا.

**بزاڤ و ڕاپەڕینە کوردییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا:**

دوای رووخانی میرنشینە کوردییەکان و دوورخستنەوەو لەناوبردنی میر و سەرۆکە کوردییەکان و دانانی فەرمانبەرانی بێگانە لە شوێنیاندا، پیادەکردنی پرۆسەی بەزۆر راگواستنی کورد و خراپبوونی هەلومەرجی ئابوورییان بەهۆی زیادکردنی جۆر و رێژەی باجەکان و سەپاندنی رژێمی بە سەربازگرتن لەناو کورداندا، بارودۆخی گشتی کوردستان دژوار بوو،ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕاپەڕینێک لە کوردستاندا. گرنگترینیان بریتی بوون لە:

١-ڕاپەڕینی یەزدان شێر:

لێخستنی یەزدان شێر لە دەسەڵات، هۆکاری ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکە بوو. دیارە سەرقاڵیی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی ڕووسیا لە جەنگی قرم(١٨٥٣-١٨٥٦)دا، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ڕاپەڕین لەساڵی ١٨٥٤دا.یەزدان شێر هەوڵیدا سوود لە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسەکان وەرگری، بەڵام ڕووسەکان وەڵامیان نەدایەوە، ئەوەبوو بەهۆی باڵادەستی لەشکری عوسمانی و جموجۆڵی سیخوڕ و دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان کە توانیان چەند سەرکردە و بەگێکی کورد لە ڕاپەڕینەکە دووربخەنەوە و یەزدان شێریان ناچارکرد خۆی بەدەستەوە بدات. دواتریش ڕەوانەی ئەستانە(ئەستانبۆڵ) کرا و بۆ بولگاریا دوورخرایەوە.

٢-شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری:

ئەم شۆڕشە لەدژی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری هەڵگیرسا. کوردەکان توانییان ناوچەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد بکەن. کەچی بە هۆی هاتنی هێزی زۆر و پڕ چەکی قاجاری، لاوازی ڕێکخستنی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان، ڕۆلی دوژمنکارانەی زلهێزەکان بەرامبەر شۆڕش، بوونە هۆی شکستهێنانی شۆڕش و پاشەکشێی شۆڕشگێڕان بۆ کوردستانی عوسمانی. کەچی شێخ عوبەیدوڵڵا جارێکی تر پلانی بۆ شۆڕش دانا، بەڵام لە ژێر فشاری بەریتانییەکان و کاربەدەستانی قاجاری و بە هۆی هەوڵ و تەقەلای عوسمانیەکان لەلایەکی ترەوە، لە حوزەیران ١٨٨١دا شێخ ڕازی بوو سەردانی ئەستانە بکات و دەست بەسەر کرا، پاشان خۆیگەیاندەوە نەهری هەوڵیدا هێزەکانی ڕێک بخاتەوە، بەڵام عوسمانییەکان ئابلۆقەیان دا.شێخ خۆی بە دەستەوە دا و بۆ حیجاز دوورخرایەوە و لە ساڵی ١٨٨٣ دا کۆچی دوایی کرد.

**دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی:**

لە(٢٢ی نیسانی ١٨٩٨) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی(کوردستان) لە قاهیرە، لە لایەن بەدرخانییەکانەوە دەرچوو. سەرەتا مقداد مدحت بەدرخان و دوای ئەویش عەبدولڕەحمانی برای ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو. ڕۆژنامەکە (٣١) ژمارەی لێ دەرچوو، لەساڵی ١٩٠٢دا و بە هۆی سانسۆر و ڕاوەدونانی عوسمانیەکان بۆی و گرفتی داراییەوە، دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕاگیراوە.ڕۆژنامەی(کوردستان) گرنگی زۆری بە مێژوو و کولتوری کوردی و بەرهەمی شاعیرانی وەکو(ئەحمەدی خانی) و بەرهەمی مێژوویی وەکو شەرەفنامە و مێژووی فەرمانڕەواکانی جەزیرەی بۆتان و سەرکردە کوردەکان وەکو سەلاحەددینی ئەییوبی و ...هتد. جەختکردنەوە لەسەر فێرکردن و خوێندەواری لایەنێکی بەرچاوی باسەکانی نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بوو. هەروەها لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە کۆمەڵەیەکی کوردی نەبوو، بۆیە ڕۆژنامەکە وەکو جەمسەرێک وابوو بۆ کۆکردنەوەی نشیتمانپەروەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە دەوری خۆیدا.

بزاڤ و ڕاپەڕینە کوردییەکان لە سەدەی بیست دا:

أ-گرنگترین بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی پێش هەڵگیرسانی جەنگ:

لەئەنجامی سیاسەتی خراپ و ڕەگەزپەرستانەی تورکە ئیتیحادییەکان(١٩٠٨-١٩١٨) لە دەوڵەتی عوسمانی، چەند ڕاپەڕینێکی چەکداریی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریان هەڵدا، لەوانە:

بزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی(١٩٠٧-١٩١٤): ئامانجی بزاڤەکە ئەنجامدانی چاکسازی بوو لەناوچەکەدا. بەڵام حکومەت بە هەوڵی جیابوونەوەی لەقەڵەم دا. دواتریش پیلانی کوشتنی شێخ

عەبدولسەلام داریژرا، بەڵام دەربازی بوو. دوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەک و سەرکەوتنی بەسەر لەشکری دەوڵەتدا، دواجار خۆی و یاوەرەکانی پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان برد. کەچی دەستگیر کرا و ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کرایەوە، لەکانوونی یەکەمی ساڵی١٩١٤ لە موسڵ لەسێدارە درا.

ڕاپەڕینی بەتلیس (١٩١٣-١٩١٤):سەپاندنی باجی زۆرو دامەزراندنی کاربەدەستانی گەندەڵ لە کوردستان و ، سەربازگرتنی بە زۆرەملێ...هتد، هۆکاری هەڵگیرسانی بوون. (مەلا سەلیم) یەکێک لەسەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە بوو.لە ئاداری١٩١٤دا ڕاپەڕینەکە دەستپێکرد، لە ٣ی نیساندا چوونە ناوشاری بەتلیس، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن لە ڕیزەکانیان، ناهاوسەنگی هێز لەنێوان هێزەکانی حکومەت و شۆڕشگێران، بوونە هۆی شکستهێنانی ڕاپەڕینەکە. دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکردەکانی لەسێدارە دران.

لە باشووری کوردستاندا:

١-بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید:

• دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لەلایەن بەریتانییەکان شێخ مەحمود لەتشرینی دووەمی ١٩١٨ وەکو حوکمداری سلێمانی ناسێندرا. کەچی گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کوردستان و هاتنی(مێجەر سۆن) بۆ شوێنی( مێجەر نۆئێل)، کە سیاسەتێکی دژ بە ویستی کوردانی پەیڕەو دەکرد، بوونە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان شێخ و بەریتانییەکان و هێرشی سەربازییان بۆ سەر سلێمانی. ئەوەبوو لە دەربەندی (بازیان)، لە (١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩)دا، شێخ مەحمود بە بریندار بەدیل گیرا و بۆ هیندستان دوورخرایەوە. بەڵام لەساڵی ١٩٢٢ شێخ مەحمود ئازادکراو گەڕایەوە کوردستان، لە(تشرینی یەکەمی١٩٢٢)کابینەی حکومەتی پێکهێناو خۆی وەکو"مەلیکی کوردستان" ناساند، بەڵام بەریتانییەکان بەمە ڕازی نەبوون و هێرشییان کردە سەر سلێمانی.

• سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (بەردەرکی سەرا) لە سلێمانی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ و کە زۆر بەتوندی لەلایەن سوپا و پۆلیس وەڵام درانەوە و چەندین کەس کوژران و بریندار بوون. دوایین پێکدادانەکانی نێوان شێخ مەحمود و هێزەکانی عێراقی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بەریتانیی لە شەڕی(ئاوباریک)دا بوو لە (٥ی نیسانی ١٩٣١)دا لە کفری، کە دواجار بەتوندی دامرکێندرایەوە و شێخ مەحمودیش خۆی بەدەستەوە دا و بۆ باشووری عێراق دوور خرایەوە، دواتریش لە ساڵی(١٩٥٦)دا کۆچی دوایی کرد.

٢-ڕاپەڕینەکانی بارزان: لەساڵی١٩٣١دا ڕاپەڕینێک بەڕابەرایەتی(شێخ ئەحمەدی بارزانی)لەدژی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس و جێگیرکردنی سوپا، نیشتەجێکردنی

ئاسوورییەکان لە ناوچەکە و...هتد، بەرپابوو. هەماهەنگی هێزی ئاسمانی و زەمینی نێوان بەریتانیا وعێراق بوونە هۆی ئەوەی بەرەو باکوری کوردستان بڕۆن و لە حوزەیرانی ١٩٣٢دا خۆیان ڕادەستی تورکیا کرد، ئەوانیش ڕادەستی حکومەتی عێراقیان کردنەوە و بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دوورخرانەوە.

ڕاپەڕینێکی تر بە سەرکردایەتی(خەلیل خۆشەوی) بوو، کە توانیان دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە مەڵبەندە حکومییەکانی ناوچەکە دابگرن، بەڵام دوای هەماهەنگی نێوان هێزەکانی عێراق و تورکیا و لێدانی ڕاپەڕیوەکان، لە ئاداری ١٩٣٦دا ڕاپەڕینەکە دامر کرایەوە و (خۆشەوی) لە سێدارە درا.

لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

لەنێوان سالآنی (١٩١٩-١٩٣٠)، کوردانی ئەو بەشەی کوردستان بە ڕابەرایەتی (سمکۆی شکاک) و بەئامانجی دامەزراندنی "دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ" ڕاپەڕینیان ئەنجامدا. سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی کورد هەبوو. هەروەها پەیوەندی کرد بە تورکەکان و بەریتانییەکان و ڕووسەکان، لەپێناو دابینکردنی هاوکاری ودانانیان بە مافەکانی گەلی کورددا. لە(نیسانی ١٩١٩) سمکۆ دەستی بە ڕاپەڕین کرد و دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا گرت و بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لەو ناوچانە دامەزراند. کەچی بەهۆی هێرشە بەربڵاوەکانی هێزەکانی ئێران و نەبوونی پشتگیری دەرەکی، ناچاربوو بە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران. ئەوەبوو لە(تەموزی ١٩٣٠)و لە کارێکی پیلانگێڕی قێزەوندا، لەو شوێنەی کە بڕیاربوو دانووستانی لێ ئەنجام بدرێت، سمکۆو یاوەرەکانی کوژران.

لە باکوری کوردستاندا:

• لەئەنجامی سیاسەتی"بەتورککردن"و دوورخستنەوە و زیندانیکرن و کوشتنی سەرکردەکانی کورد، چەند ڕاپەڕینێک ئەنجام درا. لەوانەش ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٢٥)بوو بەڕابەرایەتی (شێخ سەعیدی پیران). ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە هەزاران کەس و ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتەوە. کەچی پێشکەوتنی وادەی ڕاپەڕینەکە و توندوتیژی مامەڵەی حکومەتی تورکیا و خراپی هەڵوێستی(بەریتانیاو فەرەنسا و سۆڤیەت)لەبەرامبەر ڕاپەڕینەکە،بوونە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی شورشگێران. لە(نیسانی ١٩٢٥)دا شێخ سەعید لەگەڵ ژمارەیەک لە یاوەرەکانی دەستگیرکران. دوای ئەوە لە شەوی(٣٠ی ئایاری١٩٢٥) لەشاری دیاربەکر لەسێدارە دران.

• لەساڵی ١٩٢٧شدا شۆڕشی (ئەراڕات) بە ڕابەرایەتی کۆمەڵەی خۆیبوون و ئەندامە چالاکەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی پەناهەندەی ڕۆژئاوای کوردستان ببوون، هەڵگیرسا، (ئیحسان نوری پاشا) دیارترین

سەرکردەکانی  بوو. دواجار لەئەنجامی ناهاوسەنگی هێزو کەم و کوڕی لە پلان و هەماهەنگی و توانای سەربازی شۆڕشگێڕان و، هاریکاری نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، شۆڕەکە دامرکایەوە.

- لە ساڵی ١٩٣٧یشدا ڕاپەڕینێکی تر لە ناوچەی(دێرسیم) بەڕابەرایەتی(سەید ڕەزا) هەڵگیرسا، کە دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تردا لەسێدارە دران.

## کورد و بزاڤی ڕۆشنبیری و چالاکی ڕێکخراوەیی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا:

یەکێک لەگرنگترین کۆمەڵەکان (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) بوو کە لەساڵی ١٩١٨ لەئەستانبوڵ دامەزرا، (سەید عەبدولقادری نەهری) سەرۆک و (ئەمین عالی بەدرخان) جێگری بوو. گۆڤاری(ژین) زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو. (کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد) و (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی)، سەر بە کۆمەڵەی تەعالی بوون. ئەوەبوو دواتر بەهۆی جیاوازی هەڵوێست و بیروڕایان، چەند کەسایەتییەک لە (تەعالی) جیابوونەوە و (کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد)یان دامەزراند.

(کۆمەڵەی خۆیبوون) کە لە(٥ی تشرینی یەکەمی١٩٢٧)لە شام دامەزرا، بە یەکێک لە دیارترین کۆمەڵەی کوردی ئەو ماوەیە دادەنرێت، چونکە ئەم کۆمەڵەیە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی هەر چوار بەشی کوردستانی لەخۆ دەگرت و لە ژمارەیەکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا نوێنەری هەبوو. نەوەکانی بەدرخان(جەلادەت و سورەیا و کامران) لەگەڵ مەمدوح سەلیم و محمد شوکری سەگبان وحاجۆ ئاغا و...هتد، لە دامەزرێنەرەکانی بوون. هەرچەندە(خۆیبوون) دووچاری لێکترازان لە ڕیزەکانی بۆووە، بەڵام تاکو جەنگی دووەمی جیهان وەکو کۆمەڵە مابۆوە.

لە باشووری کوردستانیشدا لە نیوان ساڵانی١٩١٨-١٩٢٢دا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەردەچوو. لەساڵی ١٩٢٢شدا (جەمعیەتی کوردستان) لەسلێمانی لەلایەن(مستەفا پاشای یامولکی) دامەزرا و ڕۆژنامەیەکی بەناوی(بانگی کوردستان) دەرچواند. لە هەمان ساڵیشدا ڕۆژنامەی(ڕۆژی کوردستان) لەلایەن حکومەتی شێخ مەحمودەوە دەرچوو. دوای ئەوەش لەساڵی١٩٢٣ ڕۆژنامەی (بانگی حەق)  و (ئومێدی ئیستقلال) دەرچوێندران. هەر لەو ماوەیەدا چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تر دەرچوێنران، بۆ نمونە: ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، گۆڤاری(دیاری کوردستان)، ڕۆژنامەی (ژیان) ،گۆڤاری(زاری کرمانجی) (دیاری لاوان)...هتد.سەبارەت بە کۆمەڵە و ڕیکخراو و یانەکانیش بریتی بوون لەوانە:(کۆمەڵەی هەڵستان و بڵندی کوردان١٩٢٧) ، کۆمەڵەی(زەردەشتی)، کۆمەڵەی(پشتیوانی کوردان١٩٣٢)، (کۆمەڵەی لاوانی کورد١٩٢٨) ،(یانەی سەرکەوتنی کوردان). لە دیارترینیشیان(کۆمەڵەی

دارکەر)بوو کەوا لەساڵی ١٩٣٧ لە کەرکوک دامەزرا. دواتریش ناوەکەی بۆ کۆمەڵە یان حزبی(هیوا)، (ڕەفیق حیلمی) بە سەرۆکی دەستنیشان کرا.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان: دیارە تەنها ئاماژەیەک بە دامەزرانی کۆمەڵەیەک، هەیە بەناوی(کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد) لەساڵی١٩٢٧ دا لەشاری (مەهاباد) بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ(خۆیبوون)دا، (قازی محمد) یەکێک بوو لە ئەندامەکانی.

کورد لە کۆنگرە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا:

١-شەریف پاشا و داواکارییەکانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس:

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا، (شەریف پاشا) وەکو نوێنەری کورد ڕاسپێێردرا بۆ خستنە ڕووی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆنگرەکەدا. ئەوەبوو ناوبراو چەند یاداشتێک و نەخشەی کوردستانی لە بەردەم نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان خستەڕوو. کەچی هەڵوێستی زلهێزەکان لەوەدا نەبوو دان بە مافەکانی کوردا بنێن، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا یەکی نەدەگرتەوە، کە ئامانجیان دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە و دەرامەتە ئابووری(بەتایبەت نەوت) و مرۆییەکانی بوو. هەروەها دەرکەوتنی جۆرێک لە دژە بۆچوون و ناتەبایی لەنێوان سەرکردەکانی کورددا ، دواتر بووە هۆی ئەوەی شەریف پاشا واز لە نوێنەرایەتیکردنەکەی بهێنێت.

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پرسی کورد:

١-پەیمانی سیڤەر (١٠ی ئابی١٩٢٠) و پرسی کورد :بەپێی بەندەکانی(٦٢، ٦٣، ٦٤)ی سیڤەر، دەبوو لە سێ قۆناغی جیاواز و لە هەلومەرجی گونجاودا، دان بە مافەکانی کورددا بنرێت تا ئاستی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی. ئەم پەیماننامەیە لە مێژوودا بە یەکەم بەڵگەنامەی دیپلۆماسیی دادەنرێت کە تایبەت بێت بە مافەکانی گەلی کورد، دیسان پرسی بەرژەوەندی زلهێزەکان و دژایەتی تورکە کەمالیەکان بۆ پەیمانەکە و گۆڕانی تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی بزاڤی کەمالی و...هتد، بوونە هۆی ئەوەی پەیمانەکە جێبەجێ نەکرێت.

٢-پەیمانی لۆزان(٢٤ی تەموزی ١٩٢٣) و لێدانی پرسی کورد: سەرکەوتنەکانی بزاڤی کەمالی لە تورکیا و ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی عوسمانی، زیادبوونی هەڕەشە و هەژمونی کۆمۆنیستی لەسەر ناوچەکە...هتد، بەریتانییەکان پەیمانێکی تریان لەگەڵ تورکەکان واژۆ کرد تا جێگای (سیڤەر) بگرێتەوە.

ئەویش پەیمانی(لۆزان) بوو، کە جگە لە هەندێ مافی مەدەنی و هاولاتیبوون، هیچی تری بۆ کورد تێدا نەبوو. بەمەش گورزێکی کوشندەیان لە کورد و بزاڤەکەی وەشاند.

کورد و کێشەی ویلایەتی موسڵ: کێشەی موسڵ پرسی چارەنووسی ناوچەیەکی بەرفراوان بوو لە کوردستان، بەتایبەتی باشووری کوردستان کە زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون. دوای ئەوەی بەریتانییەکان لەکۆبوونەوەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی تورکیا نەگەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر چارەنووسی ناوچەکە، بڕیاردرا کێشەکە بخرێتە بەردەم (کۆمەڵەی گەلان). دوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی ڕووکەش، کە هیچی لەبەرژەوەندی کورد نەبوو، دواجار لە(١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥) لەبەر چەند هۆکاریکی ئابووری و کۆمەلایەتی و ستراتیژی و سەربازی بڕیاردرا بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە. بەمەش جاریکی تر پرسی کورد کرایە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان(مەهاباد)١٩٤٦: بەهۆی دروستبوونی ئەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕییەی کە بە داگیرکاریی زلهێزەکان بۆ ئێران و کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە ناوچەکە دروست ببوو. خەباتی کورد بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە بریتی بوو لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)دا٠ دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بریتی بوو لە :

١-گرنگیدان بە ڕۆشنبیری کوردی، لەڕێگای کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی چاپخانە و ئێزگەی ڕادیۆ و دەرچواندنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، وەکو:(کوردستان)، (هاواری کورد)، (گڕوگاڵی منالانی کورد)، (هەلاڵە).

٢-دامەزراندنی سوپایەکی میللی. لەم ڕووەوە کوردە پەناهەندەکانی باشووری کوردستان لە ئەفسەر و پێشمەرگەکانی تر، بەتایبەتی(مەلا مستەفای بارزانی) و چوار ئەفسەرەکە(عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵلا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی) هاوکاری باشیان کردن.

٣-گرنگیدان بە پرسی ژنان و مافەکانیان، وەکو دامەزراندنی(یەکێتی یایا کوردستان) کە ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتی ژنان بوو. لە(١٥ی ئابی ١٩٤٦) بەسەرۆکایەتی(مینا خانم)ی هاوسەری قازی محمد و، کە ڕۆلی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی ژنان.

٤-گرنگیدانی حکومەت بە بواری ئابووری و بازرگانی، لەڕێگای دامەزراندنی(شیرکەتی تەرەقی کوردستان)، کە ئامانج لێی بووژاندنەوەی ژیانی ئابووری و دەربازبوون بوو لەو گەمارۆیەی لەسەر کۆمارەکە دانرابوو .

٥-گرنگیدان بە بواری تەندروستی، لەڕووی دامەزراندنی نەخۆشخانە و دەستەبەرکردنی دا و دەرمان و کارمەندانی بواری تەندروستی لە پزیشک و برینپێچ ، لەم ڕووەوە ئەو برینپێچە کوڕ و کچانەی لە باشووری کوردستانەوە پەنایان بۆ ڕژهەڵاتی کوردستان بردبوو، ڕۆلی خۆیان نواند.

ڕووخانی کۆماری کورستان: ١-هۆکارە ناوخۆییەکان:بریتی بوون لە بێهێزی توانای ئابووری و دواکەوتوویی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ دانەمەزرانی بناغەیەکی پتەوی ماددی و مەعنەوی بۆ دەسەڵاتی کۆمار لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا. ئەمانە و جگە لە هەڵوێستی خراپی هەندێ لە هۆز ودەرەبەگەکانی کورد.

٢-هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان: بریتی بوون لە نەبوونی هاریکاری و هەماهەنگی ڕاستەقینە لەنێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجاندا. لەگەڵ هەڵوێستی نەرێنیی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و هەماهەنگیان لەدژی کۆمارەکە. ئەمانە و سەرباری ئەوەی کە کۆماری کوردستان بووە قوربانیی ململانێ و بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی زلهێزەکان(سۆڤیەت، بەریتانیا، ئەمریکا) لە ئێران و ناوچەکە شایانی باسە دوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا، دواجار لە ڕێکەوتی(١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦) لەشکری ئێران دەستی بەسەر مەهاباددا گرتەوە، بەمەش کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات. دوای ئەوەش لە(٣١یئاداری١٩٤٧)دا لە گۆڕەپانی(چوار چرا) لە مەهاباد، پێشەوا (قازی محمد)و چەند سەرکردەیەکی تر لەسێدارەدران.

کورد و شۆڕشی ١٤ی تەموزی١٩٥٨ لە عێراق:

شۆڕشی چواردەی تەموز دەرەنجامی کاری هاوبەشی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی عێراقی بوو، کە (عەبدولکەریم قاسم) سەرکردایەتی دەکردن. ئەوان بە قۆستنەوەی ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژە جیاوازەکان لەبەرامبەر سیستمی شاهانە و ئیمپریالیزمی بەریتانی، توانیان لە(١٤ی تەموزی ١٩٥٨) سیستمی شاهانەیی بڕوخێنن و سیستمی کۆماری لە عێراق ڕابگەیەنن. گەلی کورد بەگشتی خۆشحاڵی و پشتگیری خۆی بۆ شۆڕش دەربڕی، بە ئومێدی ئەوەی لەسایەی ئەم سیستمە تازەیەدا کورد بە مافەکانی خۆی بگات و عێراقیش لەژێر چەتری پەیمانەکان بهێنرێتە دەرەوە، لەنێویشیاندا پەیمانی

(بەغدا١٩٥٥)، کە بەندەکانی دژی کورد و بزاڤە ڕەواکەی بوو.

لە گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕش بۆ کورد بریتی بوو لە:

١-بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عێراق و لە دەستورەکەیدا داننرا بەوەی کە کورد لەگەڵ عەرەبدا هاوبەشن لە عێراقدا و مافەنەتەوەییەکانیان بەپێی دەستوور بڕیاری لەسەر دەدرێت.

٢-بڕیاردرا بە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی کە ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون.

٣-بڕیاردرا بە لێبووردنی ئەوانەی کە پێشتر بەشدارییان لەشۆڕشی کورددا کردبوو و وڵاتیان بە جێ هێشتبوو. لەوانەش بارزانی و یاوەرەکانی بوون کە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران گەڕانەوە بۆ وڵات.

٤-لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠دا، مۆڵەتی بەفەرمی کارکردن بە پارتی درا.

٥-بۆ چەند ساڵێک ئازادی ڕادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و جەماوەرییەکان و چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان برەویان بەخۆوە بینی.

دوای ماوەیەک گرژی و ئاڵۆزی کەوتە نێوان سەرکردایەتی کوردی و حکومەتەکەی قاسم، دواتریش پەیوەندییەکان بەرەو پێکدادان و شەڕ دەچن. ئەمەشیان چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بوو، هەوڵەکانی قاسم بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە لە عێراق و دژایەتیکردنی کورد و مافە ڕەواکانی و ڕاوەدوونان و زیندانیکردنی سەرکردەو ئەندامەکانی پارتی، داخستنی بنکەو بارەگاکانی پارتی و ڕۆژنامەی(خەبات)، پشتیوانیکردنی حکومەت بۆ ئەو هۆز و هێزانەی کەوا نەیاری بارزانی و پارتی بوون.. هتد...

شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥: ئەو هۆکارانەی کەوا بوونە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم، نزیکەی هەمان ئەو هۆکارانە  بوون کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول. بەتایبەت کاتێک حکومەت گوێی لە داواکارییەکانی کورد نەگرت و پەلاماری چەند ناوچەیەکی کوردستانی دا. شۆڕش لە(١١ی ئەیلولی ١٩٦١)هەڵگیرسا و تاکو نسکۆی ١٩٧٥ بەردەوام بوو. ئامانج و بەرنامەی شۆڕشەکە بریتی بوو لە"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان". نزیکەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون. لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا بۆ چەند ساڵێکی کەم نەبێ، ماوە ماوە شەڕ لە نێوان حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و شۆڕشدا بەردەوام بوو. لە چەندین داستانی نەبەردی و ڕووبەڕووبوونەوەدا، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان

سەرکەوتنیان بەسەر هێزەکانی حکومەتدا بەدەست هێنا. چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە لەو ماوەیەدا دەردەچوون، بەش بەحاڵی خۆیان ڕۆلیان هەبوو لە گرنگیدان بە مێژوو و کولتوری کوردی.

لەدوای کۆدێتاکەی(٨ی شوباتی ١٩٦٣)دا کە بووە هۆی ڕووخانی (عەبدولکەریم قاسم)و هاتنەسەر دەسەڵاتی بەعسیەکان بەسەرکردایەتی (عەبدولسەلام عارف)ی سەرۆکی کۆمار و حکومەتەکەی (ئەحمەد حەسەن بەکر)یش ئامادەنەبوون دان بە مافەکانی کورد دابنێن. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥لەئەنجامی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و بەهۆی ئەو کێشانەی کە حکومەتی عێراقی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دووچاری بۆوە، هەموو ئەمانە بەعسییەکانی ناچار کرد تاکو بیر لەدانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەنەوە. دوای ئاڵوگۆر و هاتن و چوونی شاندی هەردوولا، دواجار ڕێککەوتننامەی(١١ی ئاداری١٩٧٠)ڕاگەیاندرا٠ کەناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لەپێدانی(ئۆتۆنۆمی)بە کورد لەباشووری کوردستاندا،دەبوو لەماوەی چوار ساڵدا جێ بەجێ بکرێ٠ کەچی دەبینین لەئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری جیاوازدا، بنەماکانی ڕێککەوتننامەکە (وەکو خۆی)جێ بەجێ نەکرا٠ لەماوەی دانووستانەکانی نێوان سەرکردایەتی کوردی و حکومەتی عێراقیدا، دەرفەتێکی گونجاو بۆ حکومەتی عێراقی ڕەخسا تاکو لەشەڕ ڕزگاری بێت و خۆی بەهێز بکاتەوە٠ بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی نەوت لە(حوزەیرانی ١٩٧٢) لەلایەن(ئەحمەد حەسەن بەکر)ی سەرۆک کۆمار، کە بووە هۆی بەدەستهێنانی سەروەت و سامانێکی زۆر بۆ عێراق و کڕینی چەک و تفاقێکی زۆر لە یەکێتنی سۆڤیەت و وڵاتانی تر.

ئەوانەی سەرەوە بەگشتی بوونە هۆی ئەوەی بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لەهەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەمەسەلەی حوکمی زاتی (ڕاستەقینە)بۆ کورد پەشیمان ببنەوە و، دەستیان کرد بەپیلان گێڕان دژی کورد و سەرکردایەتییەکەی٠ دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی گەیشتە ئەوەی ناتوانێ بەسەر شۆڕشی کورددا زاڵ بێت، جارێکی تر هاتە سەر ئەوەی بیر لەشێوازی دیپلۆماسی بکاتەوە٠ دوا هەنگاوی لێکنزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لەماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی وڵاتانی (ئۆپێک) ڕووی دا، دواجاریش لە(٦ی ئاداری ١٩٧٥) گەیشتنە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک کە ناوەڕۆکەکەی چەند مەسەلەیەکی گرنگی لەخۆ دەگرت، گرنگترینیان پرسی دیاریکردنی سنووری نێوانیان و چاودێریکردنی و لێدانی شۆڕشی کورد بوو٠ لەڕاستیدا ڕێککەوتنەکە وەکو گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی، لەدژی کورد و شۆڕشەکەی ئاڕاستەکرا٠ ئەنجامیش بریتی بوو لە دامرکانەوەی شۆڕشی کورد، کەساڵانێک بوو لەدژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام بوو.

نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی(١٩٧٥) جۆرێک لە بێ ئومێدی لای سەرکردایەتی کورد و خەڵکی ئاسایی دروستکرد، بەڵام ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، چونکە زۆری نەبرد بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە فۆڕم و شێوازێکی تازەوە بووژانەوەی بەخۆوە بینی. ئەوەبوو لە(١ی حوزەیرانی١٩٧٥)دا و لە شام(دیمەشق)،دامەزراندنی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) ڕاگەیەنرا. دوای ساڵێکیش لەم ڕاگەیاندنە، یەکێتی هەڵگیرسانەوەی(شۆڕشی نوێ)ی ڕاگەیاند. هەروەها پارتێکی تری نەتەوەیی بەناوی پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆک) لە ئەیلولی ١٩٧٥ دامەزرا.

**زاراوەی جینۆساید:**

جینۆساید: زاراوەیەکی نوێیە بۆتاوانەکان بەکاردێت.ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لەلایەن (رافائیل لیمکن) بەڕەگەز پۆلەندی و لە خانەوادەیەکی جولەکە بوو, دوای بەشداری کردنی لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی مەدرید لەساڵی (١٩٣٣ز) بەکارهێناوە, کە تێدا داوای کردووە تاوانی لەناو بردنی ڕەگەزیی و نەتەوەیی بە کۆمەڵگۆژی هەژماربکرێت لەم بارەیەشەوە پەرتۆکێکی دانا بەناوی ( رۆلی ناوندی لە ئەورپایداگیرکاریدا) دیارە بەر لەو مێژووەش مرۆڤ مرۆڤی کوشتوە و ئەشکەنجەی داوەو کویلەی کردووە.

ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتوون لە دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بەژمارە (٢٦٠) بڵاوکراوەتەو بە پێی ماددەی "٢"ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوەیە باس لەجینۆساید دەکات.

١- جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەسیت لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لەگروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی و ئایین ئەنجام دەدرێت. بۆنموونە:

٢- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

٣- گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحی ترسناک بەئەندامانی گروپەکە.

٤- بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی .

٥- پێشگرتن لەزاوزێکردن (منداڵ بوون) لەنێو گروپەکە .

٦- دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێکی تر"جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان.

ئەگەر سەرجەم بڕگەو خاڵەکانی پێناسەکە بۆجینۆساید لێکبدرێتەوە، بەتەواوی و بەڕوونی ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەسەرجەم ئەمانە لەشاڵاوەکانی دژبەگەلی کورد لەکوشتن و لەناودان و ئەنجامدانی تاوان، کەلە سەرەوە باسمان کردو ناومان هێنا بەرامبەر بە گەلی کورد دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. هەروەک لەمادەی "٣"ی ڕێککەوتننامەکەدا باس لەوتاوانانە دەکات کەئەنجام دەدرێن و پێویستە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی بدرێن و وەربگرن، ئەوانەش ئەم کاراکتەرانەن:

١- پلاندانان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید

٢- سەپەرشتیکردن و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٣- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٤- پیلان گێڕی لەچوارچێوەی جینۆساید.

بەکورتی و بەپوختیت، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە )٩٦ ) بوو لە ١١/ ١٢/ ١٩٤٦ دەرکرا، سەبارەت بەوەی کەجینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئاماجنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەو لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤەو زۆر ترسناکەو لەدژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەردراوە کەتاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەپشت بەبەندی"٦"شەشەمی بنەماکانی دادگای "نوێرنبێرگ"دەبەستێت کەجینۆساید واتە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هەروەک چۆن نیشانەی ڕەتکردنەوەی مافی بونی ژیانە، ئەویش ڕەدکردنەوەی دانپێدانانە بەمافی بوون و سوکایەتیکردنە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕلەنەهامەتی بەرهەم دێنێ".

**جۆرەکانی جینۆساید:**

١- جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی): کوشتن بەهەرجۆرێک بێت،هەولواسین، گولەباران کردن، هێرشی - سەرباوی بەکۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکو کیمیاوی و فۆسفۆری و ژەهر.

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی: بەربەندکردنی هەرکۆمەڵە مرۆڤێک لە پێشکەوتن وزیادبون، وەک ڕێگری کردن لە مندال بون و زیادبوون، وە لەیەک دابڕینی ژن و پیاو دابەشکردنی کەسەکانی خێزان بۆماوەیەکی زۆر وەک ئەم جۆرە جینوسایدە لە هێرشە شومەکەی(ئەنفال)ی ١٩٨٨ لە بەشیک لە خواروی کوردستان پیڕەو کراوە ژن و پیاو لە یەک جیاکرانەوەو دابڕان ژن لە پیاوی کچان لە دایک و باوکیان.

٣- جینۆسایدی کەلتوری: نەتەوەیی: وەکو قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی ونەهێیشتنی یەکێتی هاوبەشی خەڵک، هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ڕووخانی پەیکەر و ئەشکەوت و گەڕەک و گەرماو بازاڕ و شوێنەئاینیەکان بەشێکی زۆر لەوپاشماوانەی کە کۆن و نوێن وە بەرهەمی ژیانی ئەو خەڵکەبێت.

٤- جینۆسایدی ئابووری: ئەمە دەکرێت پێبگوترێت وێرانکاری ئابوری، واتە وێرانکردنی سامان وسروشت بەربومی ناوچەکان، تالان کردن و فەرهوودکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی، هەر لە شتو مەکی ناومال و خانووبەرەو مەڕومالآت و کەرستەکانی ژیان. هەوەها گەمارۆی ئابووری بەمەستی برسی کردن خەڵک ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی فەواتندنی لەسەرخۆی مرۆڤ، جگە لەوەی ڕێژەی مردن بە هۆی نەبوونی خۆراکی پێویست و داو دەرمان زیادد دەکات کە ئەمەش زۆر دەبێتە هۆی چوڵکردنی ناوچەکەو دورکەوتنەوەی خەڵکە ڕەسەنەکە لە زێدی خۆی، دواتردەبێتە هۆی پەرتەوازەکردن ولەدەست دانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتانی کەلتوری نەتەوەیی.

مێژووی ئەنجامدان و قۆناغی شالاوەکانی ئەنفال "جینۆساید":

بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق و میدیاکانی نووسراوو بینراوو بیسرتاوی ئەوکات لە ١٩٨٨ ،قۆناغەکانی هەرهەشت شالاوەکە بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن کراوە:

ئەنفالی یەکەم شالاوی یەکەمی جینۆساید : سەرگەڵوو بەرگەڵوو ٢٢ی شوبات تا ١٩ی مارتی ١٩٨٨ ،ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵ و بەرگەڵو دەگرێتەوە.

ئەنفالی دووەم: شالاوی دووەمی جینۆساید: قەرەداغ ٢٢ی مارت تا١ی نیسانی ١٩٨٨ ،واتە لە ٢٢ی مارت "ئازار" تا ١ی نیسان شالاوی یەکەم دەستی پێکردو ناوچەکانی "بازیان" لەسنووری قەزای چەمچەماڵ و قەرەداغ لەسنووری پارێزگای سلێمانی

ئەنفالی سێیەم: شاڵاوی سێیەمی جینۆساید: لە ٧تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ئەم قۆناغەی شاڵاوی ئەنفال " شاڵاوی جینۆسایدی سێیەم، بەسەخترتین و بەرفراوانرتین شاڵاوەکان دادەنرێ و زۆرترین هێزی سەربازی و ئەمنی و جاش و موستەشار، بەشدارییان تێکرد. سنووری جوگرافی ئەم ناوچەیە لەالی باکوورەوە ڕێگای سەرەکی نێوان "کەرکوک – چەمچەماڵ"ەو الی رۆژئاواشەوە ڕێگای سەرەکی "کەرکوک – خوورماتوە"و لای باشوریشی " هەرسێ ڕێگای شارەکانی "کەلار- کفری- باوەنور"وە لای رۆژهەڵاتیشەوە "زنجریە چیاکانی قەرەداغ"ە. لەم پانتاییە جوگرافیەدا چەندین شارو دەیان شارۆچکەو هەزاران گوندی لێیەو شارۆچکەی قادر کەرم دەبێتە ناوەندی سەرەکی ئەم ناوچەیە. لەم قۆناغەدا، زۆرترین خەڵک دەستگیرکران و بێسەرو شوێن کران.

قۆناغی چوارەم: شاڵاوی چوارەمی جینۆساید: ئەم شاڵاوە لە ٣ی مایس تا ٨ ی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، بەشێکی بەرچاو لەسنووری پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، لەسنوورەکانی شارۆچکەکانی " تەق تەق، ئاغجەلەر، شوان، قەرەهەنجیر" و بەشێکی زۆر لە سنووری نێوان هەردوو شاری "کۆیەو چەمچەماڵ ". لەم شاڵاوەدا، بەسەدان گوند بەرکەوتن و بەهەزاران کەس بێسەرو شوێن کران.

ئەنفالی ٥ و ٦ و ٧: شاڵاوی پێنج و شەش و حەوت جینۆساید: ئەم شاڵاوانە لە ١٥ ی حوزەیران تا ٢٦ ی ئابی ١٩٨٨ خایاند، تیایدا ناوچەکانی "بالیسان و هیران و نازەنین و شەقڵاوە و خۆشناوەتی و ڕەواندوزو چۆمان و سۆران"ی گرتەوە، چەندین شاڵاوی دوورو درێژی تێکەوت و بەهۆی سەختی و چڕی ناوچەکەوە، رژێم نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات.

ئەنفالی هەشت: شاڵاوی هەشتەمی جینۆساید: سەرەتای ئەم شاڵاوەی ئەنفال و جینۆساید، لە ٢٦ ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شاڵاوو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەورو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێک لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆک و دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە.

**زمـــــــــان:**

- چەند پێناسەیەکی زمان:

• زمان رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دە گێرێ و بەردی بناغەی کۆمەڵە .لەمێژەوە سەرنجی فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناس ...هتد راکێشاوە ,بەڵام لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە لەزمانیان کۆڵیوەتەوە بۆیە هەرشارەزایەک لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی پێناسەی کردووە ئەمەش وادەکات چەند پێناسەیەک بۆ زمان بێتە کایەوە لەوانە:

- (هنری سویت) دەڵێت:(زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە رێگای دەنگ کە لە وشە پێک دێت)
- (ئۆلمان) دەڵێت:(سیستەمێکی هێمای دەنگی لە بیری کەسی کۆمەڵ تۆمار کراوە)
- (زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی رەمزی لەسەر یاسا رۆیشتووە کاردەکات و لەژێر دەسەلاتی مرۆڤ دایە).
- (چۆمسکی) : زمان کۆمەلە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات.
- مارتنیت: زمان هۆیکە بۆ لە یەکتر گەیشتن , دەکری بە چەند دانەیکی وردەوە(مۆرفیم)کە هەریەکەیان خاوەن واتا و فۆرمن.
- بلۆک تراگەر: زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە کە مرۆڤ بە هۆیەوە هەرەوزەی دەکات.

گرنگی زمان:

هەستی نەتەوایەتی بۆ یەک بوون و یەک پارچەی گەلی کورد یان نەتەوەی کورد بەگشتی بەهێز دەکات.

گرنگی زمانی ستاندارد :

 هۆکارێکە بۆ لەیەک نزیک بوونەوە و بەیەکەوە بەستنی دیالێکتەکان، هەروەها هەموو لایەنە کوردیەکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە.

 زمانی هۆکارێکی گرنگە تەنانەت لە هۆکاری ئاینیش لە پێشترە بۆ یەکێتی گەل و خاکی کوردستان.

 یەکێک لە مەرجەکانی نەتەوە ئەوەیە کە خاک و زمان و قسە پێکەرانی هەبێت.

 ئەگەر زمان هەبێت نەتەوەش دەبێت، بەلەناوچوونی زمان نەتەوەش لە ناودەچێت، چونکە نەتەوە نییە لە جیهان زمانی نەبێت.

 بەواتایێکی تر: هەموو نەتەوەکانی جیهان بە پلەی یەکەم بە زمانەوە دەناسرێن.

زمانی جەستە چییە؟

- زمانی جەستە بریتیە لەرێگایەک بۆ گەیاندنی پەیام بۆ بەرامبەرەکەت  بەئاخاوتنی بێ قسە واتا بەجوولەی لەش. زمانی جەستە چییە؟زمانیکی جیهانییە,هەموو کەسێک هەیەتی,هەر لە گەڵا لە دایک بوونیەوە.
- رەنگە زمانی جەستە تاکە ڕێگەی تێگەیشتنی  دوو کەس  بێت کە زمانیان جیاواز بێت.

تایبەتمەندیەکانی زمانی جەستە:

- زمانێکی سەربەخۆیە.
- ٩٥% خەڵک بەکاری دێنێت .
- ٨٥% خەڵک تێیدەگەن .
- زمانەکە ب شێوەیٚ خۆ ویست و خۆنەویست بکاردێت
- لە بارودوخێکی بۆ بارودوخێکی دە گۆڕیت.
- زمانەکە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترجیاوازە.

تایبەتمەندییەکانی زمان:

١-زمان داهێنانی تێدایە:زمانی مرۆڤ لە ئاخاوتندا سیستەمێکی  کراوەی هەیە،واتە مرۆڤ دەتوانێ ڕستەی بێ کۆتایی و بێ سنوور بەرهەم بهێنێت،زاراوەی داهێنان لە تازەترین سەرچاوەکانی زانستی زماندا،بەتایبەتی لای (چۆمسکی)یەوە،قورسیی خرایە سەر.

٢ -زمان تایبەتە بە مرۆڤ : تەنیا مرۆڤ  بەهرە و توانای قسە کردنی تێدایە،واتە تەنیا مرۆڤ دەتوانێ بیر و هزری لە شێوەی گوتندا  دەرببڕێ.

٣- زمان پەیرەوە:

 زمان لە دوو پەیڕەو پێک دێت دەنگ و واتـا.

 مەبەستمان لە پەیڕەوی دەنگ ئەوەیە هەر زمانێک سوود لە کۆمەڵە دەنگێ وەدەگرێ و بەکاری ئەهێنێت.

 پەیرەوی واتاش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر دووبارە دەبنەوە بۆ دروست کردنی وشە واتا پابەندی یاسا یەلە گشت ئاستەکان.

٤- زمان ڕەمزە: ئەمەش سێ جۆرە:

 هێمای وێنەیی: بۆ نموونە دەست بۆ دەم بردن(برسیەتی)، پەیوەندیەک هەیە کە تۆ لێی تێدەگەی.

 هێمای هۆیی: لەو جۆرە ڕەمزانەیە کە هۆکارێک هەیە لە نێوان هێما و هۆکارەکەی، سوور هەڵگەڕان هۆکارە بۆ شەرم.

 هێمای لە خۆوە: لەم جۆرە ڕەمزە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان دەنگ و واتادا نییە بۆ نموونە وەکو ڕۆژ......

٥- زمان دەنگە:مەبەست ئەوەیە کە دەنگەکانی زمان بە پلەی یەکەم دێن لە پێش هێماکانی نووسین،واتە لە بنەڕەتدا درکاندن لە پێش نووسین بووە،ئێمە هەمووماں بەر لە نووسین فێری قسەکردن بووین.

 زمانەکان پێکدەچن:زۆربەی زمانانی جیهان ئاستی دەنگسازی ورێزمان(مۆرفۆلۆژی ،سینتاکس)یان تێدایە،لە روی تایبەتمەندییوە لێکدەچن.

 لە زۆربەی زمانانی جیهاندا،ناو و کات وشوێن و پرسیار ......هتد،هەیە لە هەمان کاتدا زمانەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

گریمانەکانی پەیدابوونی زمان:

١- گریمانەی دەنگە سروشتیەکان: بە پێی ئەم گریمانەیە زمان لە دەنگە سروشتیەکانەوە دروست بووبێت، ئەم گریمانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٤ و ٥ پ.ز، واتا لە بیرەکانی ئەفلاتوون و دیمکریسدا هەبووە.

٢- گریمانەی ئاینی: زۆربەی ئاینەکان ئاماژەیان بە زمانی مرۆڤ کردووە. بەپێی بۆچوونە ئاینییەکان زمان و مرۆڤ بەیەکەوە پەیدابوونە، هەروەک خوای گەورە دەفەرمویت(وعلم ادم الاسماو کلها) و لە شوینێکی تر دەفەرمووێ(واختلاف السنتکم و الوانکم..)

٣-گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ: ئەم گریمانە لە سەدەی ١٩دا لە لایەن زانای ئەڵمانی شتاینتاڵ و دەستەیەکی تری زانایان خرایە بەردەست کە باوەڕیان وابوو زمان لەو دەنگە غەریزانە پەیدابووە کە مرۆڤ بۆ دربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار و پەستی بەکاری دەهێنێت ئەم گریمانەیەش بەهەمان ڕەخنەکانی پێشوو دەکەوێت.

٤- گریمانەی جەستەیی)بزاوتن): هەندێک لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان کە سەرلەقاندن دەست جوڵاندن زۆر پێش قسەکردن هاتۆتە کایەوە، بەڵگەشیان زۆری ئەو جوڵانەوانەیە کە لە ناو مرۆڤە سادەکاندا دەبینرێ.

زانای ئەڵمانی (ڤۆنت) و زانای رووسی (مار) پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن و دەڵێت لەیەکتر گەیشتن لە بنەڕەتدا لە شێوەی بزاوتن بووە ئینجا بووە بە زمانێکی ئاسایی.

٥- گریمانەی مۆسیقا: بەپێی ئەو گریمانەیە زمان لە گۆرانییەوە هاتووە یان هەردووکیان لەیەک بنچینەوە دروست بوون سەرەتا زمانی مرۆڤ بریتی بووە لە گۆرانیەکی بێ وشە، واتە هەر ئاواز بووە تەنها بۆ مەبەستی هەست دەربرین بووە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندی کردن بووە، ئینجا گۆڕاوە بۆ وشەی درێژ و پڕ لە دەنگی قورس و چەناگە شکێن، ئەم گریمانەیە لە لایەن (یسپێرسن) خراوەتە ڕوو.

٦-گریمانەی پەیوەندی: ئەم گریمانەیە لەو ساڵانەی دوای بەرچاو دەکەوێت کە گریمانەی پەیوەندی کردنە لە لایەن (ڕفێز)ەوە خراوەتە ڕوو بە بۆچوونی ئەمە زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بە تینەوە دروست دەبێت کە لە مرۆڤدا هەبووە بۆ پەیوەندی کردن، ئەم غەریزەیەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە قۆناغی قیژە، قۆناغی بانگکردن، قۆناغی وشە.

٤-خێزانە زمانەکان:

□ خ. هیندۆ ـ ئەوروپی.

- ڕۆژهەڵاتی.
- رۆژئاوایی

- خ. زمانی سامی.
  - باشوریەکان.
  - باکوریەکان.
  - ڕۆژئاوایی(کەنعانی)
  - ڕۆژهەڵاتی.
- خ. ئۆراڵی
- خ چینی و تبتی.

هاوبەشی زمانی کوردی وزمانی هیندۆ ئەوروپی:

- زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندۆ ئەورپییەکانە و سەر بە خێزانی ئارییەکانە کە زمانانی (فارسی,بلوژی ,ئەسیتی ,پەشتوو,کوردی,.....)دەگرێتەوە.ئەم لێکۆلینەوانەش دوای لێکۆلینەوەکەی (سێر ولیام جۆنس) هات کە ساڵی(١٨٧٦) دەری خست جۆرە لێکچوونێک هەیە لەنێوان زمانی سانسکریتی و لاتینی وگریکی وکەڵتی وجێرمانیدا.ئەگەر بێتوو سەیرێکی زمانی کوردی بکەین ئەم هاوبەشیە دەبینین وەک:

| کوردی | فارسی | هیندی | ئەڵمانی | ئینگلیزی | ئیتاڵی | فرەنسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نۆ | نە | نۆ | نۆین | ناین | نۆڤین | سوف |
| دوو | دوو | دوی | ترڤانی | توو | دوی | دوی |

- ئەم هاوبەشی ولێکچوونە لە زمانانی ئێرانی زیاتر دەبینرێت، وەک:

| کوردی | فارسی | بلوژی | ئەفگانی | تاجیکی | تالیشی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاو | ئاب | ئاڤ | ئۆیە | ئێیە | ئۆڤ |

- چاو چەشم چەم چەم چەشم چەش
- سەر سەر سەر سەر سەر سەر
- دە دە دە دە دە دە

سنوور و نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی):

- یەکەم: دیالێکتی سەروو:

• ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی فراوانترە، چونکە کوردەکانی کوردستانی تورکیا (بایەزید، وان، جولەمێرگ، سێرت، موشی، ماردین، دیاربەکر، خارکوک، ئەدیان، خازیان، بەشەکانی خۆرهەلاتی پارێزگای مەرعەش و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرزوروم و قارسی) هەمووی بەم دیالێکتە ئەدوێن.

• هەروەها ڕۆژئاوای ئەرمەنستان و ڕوسیا و باکووری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆک و قەزاکانی مێرگەسور و ئاکرێ و ئامێدی و شێخان و شەنگال لە کوردستانی عێراق بەم دیالێکتە ئەدوێن. لەکوردستانی ڕۆژهەلاتیش دانیشتوانی شاری ئورمیە بەم دیالًکتە دەدوێن.

- دووەم: دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست: ئەم دیالێکتە پێنج شێوازی هەیە:
- موکری: مەڵبەندەکانی (شنۆ، مەراغە، میاندواو، بانە، شلاهین دژ، سەقز، بۆتان زەردەشت).
- سۆرانی: مەڵبەندەکانی (هەموو پارێزگای هەولێر و شاری هەولێر و ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە).

• ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی (سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسە، باکووری ناوچەکانی جوانڕۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە باکووری کوردستانیش قەزای قەلادزێ ـ پشدەر ـ شاری سنە ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە.

• سلێمانی: شاری سلێمانی مەڵبەندی ئەم شێوازەیە هەموو پارێزگاکە دەگرێتەوە جگە لە قەزای قەلادزێ.

• گەرمیان: ئەم شێوەزارە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانی نیە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەزارێک دادەنرێ. (کفری، کەلار، توزخورماتوو، قەرەتەپە، شوان) لە باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

• سێیەم: دیالێکتی کرمانجی خواروو (باشوور):

• لەکی: ئەم شێوەزارە کوردەکانی لورستانی پێ دەدوێن، هۆزەکانی بریتین لە (خواجەواند، عبدالمالیکی، ناداوەنت، شۆجە، کاتاوەند، دەلفان، پیران وەند).بەختیاری: دەە بەشە کە ئەمانەن: (هەفت لنگ ، چوار لنگ).

• چوارەم: دیالێکتی گۆران:

• ئەم دیالێکتە لە باکووری ڕێگای نێوان قەسری شیرین، کرمانشان دەست پێدەکات بەرەو شاخەکانی هەورامان ، هەروەها لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەلات تاکو کرمانشان. ئەم دیالێکتە پێک دێت لە:

• ١.گۆرانی ڕەسەن. ٢.هەورامان. ٣.باجەلانی. ٤.زازا.

هۆکارەکانی دروست نە بوونی زمانی ستاندارد:

١-کاتێک زمانی ئاین بە پیرۆزتر بزانێت و زمانی دایک بەپیرۆز نەزانرێت.

٢-کاتێک قسەپێکەرانی زمانی دایک بکەوێتە ژێر زمانی باڵا دەستەوە وەکو ئەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- داگیرکراوی: وەکو نەتەوەی کورد زمانەکەی داگیرکراوە لە لایەن (عەرەب ، فارس و تورک).

ب- ب-باڵادەستی ڕۆشنبیری و فراوانی بەکارهێنان: وەکو بۆ کوردزمان، واتە لە کوردستان بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بە بێ پلان زمانی دایک توشی گرفت و کێشە دەکات.

٣-کارکردنی قسە پێکەران بە ئاراستەی ناوچەگەرایەتی.

٤-کارکردنی قەڵەمی خۆفرۆش ناو نەتەوە بەپێی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ لەناوچوون و پوکانەوەی زمان.

٥ -کارکردنی داگیرکەرانی نەتەوەیەک بۆ سوککردنی زمانی دایک لەبەرچاوی قسە پێکەرانی زمانەکە، بەم شێوەیە:

أ- بەفەرمی نەناسینی لە لایەن داگیرکەرەکان لە دام و دەزگاکان و لە خوێندن و ڕاگەیاندندا.

ب- هاندانی خەلک بۆ دوورکەتنەوە لەو زمانەی دایک.

ج- ئاستەنگ دروست کردن بۆ ڕاگەیاندنی ئازاد بەسەرجەم شێوەکان.

٦-کارکردنی بە ئاراستەی سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایک، وەکو گۆڕینی ناوی شوێنەکان.

٧-کاریگەری مۆسیقای داگیرکەر و ڕێ خۆشکردن بۆ ئەو کاریگەرییە.

٨-کورد دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی نەبووە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیش جیایە لە نەتەوەکانی تر، چونکە نەتەوەی کورد بەسەر چەند وڵاتێک دابەش کراوە هەردەم لەبەر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە بووە.

جۆرەکانی ئەلفبێی کوردی:

- ئەلفبێی مسماری: بەکارهێنانی ئەلفبێی مسماری دەگەرێتەوە بۆ میدییەکان کە لە (٣٦)پیت پیکهاتووە
- ئەلفبێی ئاڤێستایی: (٤٨) پیت پیکهاتبوو کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرا و بەم ئەلفبایەش ئاینی زەردەشتیان نووسیوەتەوە بە تایبەتی کتابی ئاڤیستا.
- ئەلفبێی ئارامی: جگە لە ئاڤیستا کۆنترین دەقی کوردی بە پیتی ئارامی بووە ئەمەش دوای دۆزینەوەی ئەو دەقانە بووە کە لە ناوچەی هەورەمان دۆزراوەتەوە.
- ئەلفبێی یەزیدی: ئەم ئەلفبایە تایبەتە بە کوردە یەزیدییەکان کە ژمارەی پیتەکانی (٣١) پیتە .
- ئەلفبێی ئەرمەنی: داهێنانی ئەم ئەلفبایە دەگەریتەوە بۆ زمانەوانی ئەرمەنی (ئاکوب غازریان) ناسراو بە(لازو)لە سەر شێوەی ئەلفبای ئەرمەنی دامەزراوە و کتابێکیان بە ناوی (ڕۆژ, شمس) بەم ئەلفبایە داناوە و لە ناوچەی قەوقاز و قوتابخانە کوردییەکان ئەلفبای رەسمی بووە
- ئەلفبێی عەرەبی: نەبزوێن: ـ ئەلفبای عەرەبی: کە لە ناو گەلانی موسڵماندا باوە وەک: کورد,فارس, تورک.........لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بڵاو بۆتەوە. (تۆفیق وەهبی و بدیع باباجان) دەسکاری هەندێ دەنگەکانی (ۆ,گ,ژ,ڤ,پ,چ...) کردووە بە شێوەیە (ب-پ-ت-د-ک-گ-ج-چ-ق-ف-ڤ-س-ز-ش-ژ-خ-ه-م-ن-ل-ڵ-ر-ڕ-و-ی)

- بزوێن: (ا-ە-و-وو-ۆ-ی-ێ-I )

- ژمارەی فۆنیمەکان: (٣٣)

• ئەلفبای لاتینی: لە نووسینی زمانە ئەوروپییەکاندا و لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بەکار دێت.لە گەڵ شارستانییەتی گریک دوروستبووە.دواتر بەپێی پێویستی زمانەکان هەریەک لە زمانانی (ئەڵمانی,فرەنسی,.......) دەسکاریان کرد.دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی دووەمی کوردستان.لەگەڵ بەکارهێنانی لاتینی لە تورکیا کوردەکانی تورکیا و سوریا و ڕۆژئاوای ئێران و....بەکاریان هێنا کەیەکەم هەوڵی بۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەگەڕێتەوە.(جەلادەت و کامەران) ئاوارەبوون لە شام و بەیروت بەیارمەتی فەرەنسییەکان بنکەی ڕۆشنبیری کوردیان دامەزراند و هەنگاوی یەکەمیان بە دانانی ئەلفوبێیەکی لاتینی دەستپێکردو گۆڤاری (خەباتی خوێندەوار و (هاوار) یان پێدەرکردو دواتریش (ڕۆناهی) و (ئەستێر) ئەم ئەلفوبێیە سەرەتا کێشەی زۆربوو ئەگەر سەیری ژمارەی یەکەمی (هاوار) و ژمارەکانی تر بکەین دەبینین هەندێ گۆرانکاری بەسەر داهاتووە.بۆنموونە سەرەتا بۆ (Q) بۆ (ک) دانا دواتر بۆ(ق).

• (عەرەبی شەمۆ,مەرەگۆلۆف) دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر واتە (١٩١٧) تاکو ناوەراستی بیستەکان. هەوڵێکی تریاندا بۆ دانانی ئەلفوبێیەکی کوردی چونکە پێشتر ئەلفوبێی ئەرمەنییان دانابوو و کتێبی (الشمس) یان پێ چاپکرد.کتێبی قوتابخانە و کتێبی تر و (گۆڤاری ریاتازە) ئەمەش (٧-٨) ساڵێکی خایاند.ئەوەبوو (ستالین) لە (١٩٣١) هەموو مافێکی لە کورد سەندەوە.

- (B,T,D,K,G,C,Q,F,V,S,J,X,H,M,N,L,R,W,Y) نەبزوێن (A,E,U,O,I,)بزوێن

چەمک و پێناسەی ڕێزداری:

مرۆڤ بەگشتی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەوڵدەدات بەشێوازێکی بەڕێز و پڕ لەحورمەت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی مامەڵە بکات، تاوەکو پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ بەرامبەرەکەی دروست بکات. لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕەفتاری بەڕێزانە، زارەکی بێت،یان نازارەکی وێنەیەکی شیاوی خودی خۆی بەکەسانی دیکە نیشانبدات و کەش وهەوایەکی پڕ لەئارامی و نەرم و نیانی بخوڵقێنێ و مەبەست و پەیامی خۆی بگەیێنێت. بۆیە کە باس لەدیاردەی ڕێزداری دەکەین لەزماندا، ئەوە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ

ئەو وشە و دەستەواژانە دەچێت ، کە وتە و ڕەفتاری بەڕێز و پەسەند لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنوێنن، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی دروست بۆ بە دەستهێنانی گفتوگۆیەکی لەبار.

ستراتیژ:

(هێرشۆفا) باس لە چوار ستراتیژ دەکات لە بابەتی ڕێزداری زمانیدا، کە بریتین لە:

- پەیامی ڕاستەوخۆ
- ڕێز نواندنی ئەرێنی
- ڕێز نواندنی نەرێنی
- پەیامی ناڕاستەوخۆ

١- پەیامی ڕاستەوخۆ:

- لەم ستراتیژیەدا ئاماژە بەو وتە و کردارە ڕاستەوخۆیانە دەکرێت، کە تیایدا ئاخێوەر ڕستە و دەستەواژەی درێژ بەکارناهێنێت و زۆر بە سادەیی بیرۆکە و داواکارییەکەی دەخاتەڕوو، کە هەندێ جار لە شێوەی فەرمان دەبێت. یاخود هەلومەرجێکی نائاسایی و بەپەلە بێتە پێشەوە، . وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

- زوو بگەریوە ـ زی بزڤرە .
- خود سەرقال ‌ٌ مەکە ـ خو مژیل  نەکە .
- کتیبەکەم لە گەڵ خۆت  بێنە ـ کتێبا من دگەل خو بینە.

٢-ڕێز نواندنی ئەرێنی:

- ئەم جۆرە دەربڕینانە زیاتر لە گفتوگۆی نێوان دوو کەسدا بەکاردێن، کە ناسیاوی یەکتری بن.

- دەکرێت بڵێین: ئەم جۆرە ستراتیژە لەڕەفتارەکانی هەواڵپرسین و دانیشتنی خێزانی و بەسەرککردنەوەلەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردێت .

٣-ڕێز نواندنی نەرێنی:

- ئاخێوەر لەکاتی داواکردن و نەبوونی دڵنیایی لەجێبەجێکردنی لەلایەن دوالێکراوەوە پەنا بۆ ئەم ستراتیژە دەبات، واتە بەهۆی بوونی ترسێک لەڕەتکردنەوەی داواکەی هەوڵدەدات توانا زمانییەکانی بەکاربخات بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکەی، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی گریمانە ، وەک:(ئەگەر زەحمەت نەبێت،ببورە،هەر چەندە تۆ ئەزیەت دەدەم، دەتوانم پرسیارێک بکەم، داوای لیبوردن دەکەم ....)

- وچۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان پەیوەندی بە کەلتوورە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەوە هەیە.

٤-پەیامی ناڕاستەوخۆ:

- (جیاوازی ئەم ستراتیژە لەوەدایە، کە دەربڕینەکان بەشێوەیەکی ئەنقەست و تەم ومژاوی دەبن. زیاتر لە ڕامانێک هەڵدەگرن و دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی بەرامبەرەکەی، زۆرجار لەشێوەی ڕستەی سەرسوڕمان، یان ڕستەی پرسیاری دەبن وەک:

- -وەک هەمووکات لە کاتی  خۆی دەگەیت !. وەک هەمی جارا ل دەمێ خو دگەهی!

- تۆ زۆر زوو گەیشتی ! . تو گەلەک زوو گەهشتی !

- پەنابردن بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ بوارێک بۆ بیرکردنەوە لەزیاتر لەڕامانێک دەڕەخسێنێ، تاکو کەسی بەرامبەر ئەو ڕامانە پەسەند بکات، کە دوور بێت لەنواندنی بێڕێزی .

لێرەدا ژمارەیەک لەو هاوواتایانەی کەوا پەسند دەکرێ لە شێوازێکی زمانی بەڕێزدا بەکاربێن، دەخەینە ڕوو :-

- ژن :- هەڤژین
- هەژار :- دەستکورت ،
- بیژی :-مندالی بێ دایک وباب
- پیر :- بە تەمەن
- گۆج:- خاوەن پێداویستی تایبەت
- کۆرە :- نابینا

- کەڕ :- نابیست
- مردوو :- خوا لێ رازی
- زیندان :- چاکسازی
- گێل:ناشارەزا